# رەقیب لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا
# (شیعرەکانی نالی، سالم، کوردی، مەحوی بە نموونە)

**پ.ی.د محمد امین عبدالله**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی**
**بەشی زمانی کوردی**

**پوختە**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (رەقیب لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا "شیعرەکانی نالی، سالم، کوردی، مەحوی بە نموونە"). "رەقیب" یەکێکە لەو زاراوانەی لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکار هاتووە، ئەم زاراوەیە بۆ کەسێک بەکار هاتووە کە شاعیر بە ناحەزی خۆی و یاری زانیوەو لە شیعرەکانیدا هێرشی کردووەتە سەری و زۆر ناشیرین پیشانی داوە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەداو بە کارکردن لەسەر شیعری چوار شاعیر (نالی، سالم، کوردی، مەحوی) گەیشتووینەتە ئەوەی رەقیب ئەو کەسە بەدو ناشیرینە نییە، کە شاعیر باسی کردووە، بەڵکو خۆشەویستی یارەو یار لەگەڵیدا تەبایەو حەز دەکات نزیک بێت لێی، بەڵام خودی شاعیر لە نێوان یار و ئەو کەسەی تردا ( کە شاعیر بە رەقیب ناوی دەبات) وەک رەقیبێک دەردەکەوێت و پێی ناخۆشە یار لەگەڵ ئەو کەسەدا تەبایە. واتە شاعیر لەبەر ئەوەی لە شیعرەکاندا خۆی قسەکەرە جێگۆڕکێی لەنێوان پێگەی خۆی و رەقیبدا کردووەو ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر گەڕاندنەوەی هەر یەکە لە شاعیر و رەقیب کردووە بۆ پێگەی خۆی سەبارەت بە یار.

**الملخص**

عنوان البحث : ( الرقيب في الشعر الكوردي الكلاسيكي – شعر نالي ، سالم ، كوردي ، محوي انموذجاً) . يعد الرقيب أحد المصطلحات الواردة على نحو ملحوظ في الشعر الكوردي الكلاسيكي ، وجاء توظيف هذا المصطلح ليدل على الشخصية غير المرغوبة بها من لدن الشاعر وصاحبته ، ففي الشعر كان يهجم عليه ، ويظهره بمظهر قبيح ، ولكننا في هذا البحث ومن أثر العمل على أربعة شعراء وهم : ( نالي ، سالم ، كوردي ، محوي ) توصلنا إلى ان الرقيب ليس هو الشخص القبيح وغير المرغوب به ، الذي ذكره الشاعر ، ولكنه محبوب الصاحبة الذي أحب أن يكون على توافق معه ، وعلى قرب منه ، ولكن بروز ذات الشاعر بين الصاحبة ، والشخص الاخر الذي يسميه الشاعر رقيباً ، يظهر على انه رقيب ، ويزعجه أن يكون الصاحب على وئام معه ، بمعنى ان الشاعر في شعره هو المتكلم عمد إلى إبدال المواضع بين مقامه ومقام الرقيب ، ونحن في هذا البحث عملنا على إعادة الشاعر والرقيب إلى مكانهما فيما يتعلق بالصاحبة .

**ABSTRACT**

The present study is entitled “The Antagonist in the Classical Kurdish Poetry: Nali, Salim, Kurdi and Mahwi as examples. It explores the concept of ‘the protagonist’ which is common in classical Kurdish poetry where it was applied to someone whom the poet regarded as his opponent and thus attacked and disparaged in his poems.

In our study, however, we have developed an opposite view on the matter by investigating into the poems of the four poets Nali, Salim, Kurdi and Mahwi and have arrived at the conclusion that the protagonist is not necessarily a scoundrel or a disfavored person which the poet usually describes. Rather, the protagonist is the one who is close to the sweetheart and with whom the sweetheart wants to have an intimate relation with. Thus, the poet himself appears between his sweetheart and the other male person (whom he calls the protagonist) and dislikes the fact that his sweetheart loves him too. This means that since the poet himself is the speaker in the poems, he exchanges his and his protagonist’s position regularly. Accordingly, we have worked on assigning each his own position with regard to the loved one.

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەو کایە رۆشنبیرییەی شیعری کلاسیکی تیایدا سەری هەڵداوەو گەشەی کردووەو گەیشتووەتە لوتکە، وەک جیهانێکی زیندووە، کە کۆمەڵێک کارەکتەری واقیعی تیایەو بریتین لە خودی شاعیرەکانی وەک نالی و سالم و کوردی و مەحوی و ...هتد، ئەم شاعیرانەش لە شیعرەکانیاندا جیهانێکی تایبەتیان خوڵقاندووە، کە کۆمەڵێک کارەکتەری خەیاڵیی تیایە و لەناو شیعرەکانیاندا بەرجەستە بوون، ئەم کارەکتەرانە لەوانەیە لە واقیعدا هاوشێوەیان هەبووبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە لە ڕێگەی شیعری شاعیرەکانەوە پێیان ئاشنا بووین کارەکتەرە واقیعییەکانیان نییە، بەڵکو کارەکتەرە خەیاڵییەکانیانە، کە شاعیرەکان لە شیعرەکانیاندا مامەڵەیان لەگەڵ کردوون و هەر لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە وێنەیەکیان بۆ کێشاوین و لە ڕێگەی ئەو وێنەیەوە بە ئێمەیان ناساندوون، کێشانی وێنەکەشیان و ناساندنیان بە ئێمە بەو جۆرە بووە، کە شاعیرەکان خۆیان ویستوویانە، نەک بەو جۆرەی خۆیان لەناو جیهانە زیندووەکەی شیعری کلاسیکیدا چۆن بوون. یەکێک لەو کارەکتەرانەی شاعیر مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە رەقیبە. "رەقیب" یەکێکە لەو فیگەرانەی بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعری کلاسیکیدا بەکار هاتووە، لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕ لەم کەسایەتییە دراوەتەوە، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە "رەقیب لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ـ شیعرەکانی نالی، سالم، کوردی، مەحوی بە نموونە" .

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەستمان بەوە کردووە لە توێژینەوەو رەخنەی کوردیدا تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە لەرەقیب و لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر راستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە کراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** شیعری کلاسیکی و شاعیرانی کلاسیک ژمارەیان زۆرەو ناتوانرێت لە توێژینەوەیەکدا سەرجەمیان رووماڵ بکرێن، بۆیە سنوری ئەم توێژینەوەیە تەنها شیعرەکانی چوار شاعیری کلاسیکییەو بریتین لە: نالی و سالم و کوردی، کە بە دامەزرێنەی قوتابخانەی شیعری بابان دادەنرێن، لەگەڵ مەحویدا، کە دوای ئەوان هاتووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە**: ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەو کراوە دەچێتە ناو چواچێوەی میتۆدی وەرگرتن و خوێندنەوەوە زیاتر پشت بە بۆچوونەکانی ڤۆلفگانگ ئایزەر (Wolfgang-Isère) بەستراوە، کە خۆی یەکێکە لە تیۆریستەکانی تیۆری وەرگرتن و خوێندنەوەو یەکێکیشە لە جەمسەرەکانی قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی.

**دەستپێک:**

پێش چوونە سەر باسی رەقیب لە شیعری شاعیرەکاندا بە پێویستی دەزانین چەند سەرنجێک لەسەر میتۆدی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە بخەینە ڕوو، کە میتۆدی وەرگرتن و خوێندنەوەو وەڵامدانەوەی خوێنەرە. یاوس دەڵێت "وەرگرتن بە چەمکە ئیستاتیکییەکەی، دوو رەهەندی هەیە: کارلێکراوی یان هەڵچوو (منفعل) و کارا لە یەک کاتدا. (وەرگرتن) پرۆسەیەکە دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکیان ئەو کاریگەرییەیە کە بەرهەمەکە لەسەر خوێنەر دروستی دەکات، ئەویتریان چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو بەرهەمەیە لەلایەن خوێنەرەوە (یان وەڵامدانەوەی ـ خوێنەر ـ بۆی) " (هانس روبرت یاوس، ٢٠٠٤، ص ١٠١). ئێمەش بۆ ئەنجامدانی ئەم تویژینەوەیە زیاتر پشتمان بە وەرگرتن یاخود (ئیستاتیکای وەڵامدانەوە ـ جمالیة التجاوب) بەستووە کە لە کردەی خوێندنەوەدا بەدی دێت، لە توێژینەوەکەدا بەر هەردوو رەهەندەکەی وەرگرتن کەوتووین، لەلایەکەوە کەوتووینەتە بەر کاریگەریی روانینەکانی شاعیر لە ناو بەرهەمەکانیدا، لەلایەکی تریشەوە توانیومانە بە پشت بەستن بە رەهەندی دووەم چۆنیەتی وەرگرتنی بەرهەمەکەو تێڕوانینەکانی شاعیر لە بەرهەمەکانیدا بە جۆرێکی تر وەرگرین، کە جیاوازە لەوەی شاعیر ویستوویەتی. ئەمەش لەوەوەیە لە تیۆری وەرگرتندا وەرگرو خوێنەر یاخود رەخنەگر چەندین بژاردەی لەبەردەمدایە بۆ کارکردن لەسەر بەرهەمەکە "دەتوانێت بەوەندە بوەستێت بەکاری بەرێت، یان رەخنەی لێ بگرێت، یان سەرسام بێت پێی، یان رەتی بکاتەوە، یان چێژ لە فۆرمەکەی ببینێت، یان ناوەڕۆکەکەی راڤە بکات، یان دووبارە شیکردنەوەیەکی بۆ بکاتەوە کە پێشتر هەبووە، یان هەوڵ بدات شیکردنەوەیەکی نوێی بۆ بکات." (هانس روبرت یاوس، ٢٠٠٤، ص ١٠١) . ئێمە لەناو سەرجەم ئەو بژاردانەدا دەستمان بۆ بژاردەی شیکردنەوەی نوێ بردووە، ئەم شیکردنەوەیەشمان بۆ فیگەری رەقیب ئەنجام داوە.

لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی تایبەتیش سوود لە بۆچوونەکانی (ڤۆلفگانگ ئایزەر) وەرگیراوە، کە لە کتێبی (کردەی خوێندنەوە)دا خستوونیەتە ڕوو. ئایزەر پێیوایە "خوێنەر لە بری ئەوەی بە دوای ئەوەدا بگەڕێت ئایا دەقەکە وەسفێکی وردی بابەتەکەی پێشکەش کردووە یان نا، لەسەریەتی خۆی بابەتەکە دابڕێژێتەوە ـ بە زۆریش ئەمە بەجۆرێک دەبێت پێچەوانەی ئەو جیهانە مەئلوفەیە کە دەقەکە دەیوروژێنێت" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ٥٧ ــ ٥٨). لە شیعرەکاندا رەقیب بە بابەتێک دادەنێین، کە بووە بە فیگەرێک و بەدوای ئەوەدا ناگەڕێین ئایا شاعیر وەسفێکی وردی کردووە یان نا؟ بەڵکو هەوڵ دەدەین تێڕوانینێکی نوێ بۆ رەقیب بخەینە ڕوو، کە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەیە پێشتر لەسەر رەقیب هەبووە. ئەمەش لە رێگەی پێدراوەکانی شاعیرەوە ئەنجام دەدەین و خۆمان وەسفی رەقیب دەکەینەوە دوور لە تێڕوانینی شاعیر لە دەقەکەدا، ئەم تێڕوانینەی ئێمە "تێڕوانین (یان گۆشەنیگا)یەکی گەڕۆکە" (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گۆشەنیگای گەڕۆک بڕوانە: فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ٥٧ ـ ٥٨، ٦٣ ـ ٦٤) و بەناو کۆی شیعرەکاندا دەگەڕێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواوی رەقیب پیشان بدەین وەک خۆی کە چۆنە، نەک بەو جۆرەی شاعیر ویستوویەتی لە دەقەکانیدا پیشانی بدات. سەبارەت بە گۆشەنیگای گەڕۆک دەوترێت "گۆشەنیگای گەڕۆک ئامرازێکە لە ئامرازەکانی وەسفکردنی ئەو رێگەیەی کە خوێنەر بە هۆیەوە لە دەقەکەدا ئامادەیە". (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص٦٩) واتە خوێنەر دەتوانێت لە رێگەی ئەم گۆشەنیگا گەڕۆکەوە لە دەقەکەدا ئامادەیی هەبێت و بتوانێت دوور لە گۆشەنیگای نوسەر یاخود شاعیر خۆی شتەکان ببینێت و "ئەمەش رەگەزێکە لە رەگەزەکانی

پرۆسەی خوێندنەوە، چونکە گۆشەنیگای گەڕۆک دەقەکە کەرت دەکات بۆ بونیادی کارلێککەر، ئەم بونیادانەش چالاکییەکی کۆکەرەوەیی بنەڕەتی بەرهەم دێنن سەبارەت بە تێگەیشتنی دەق" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص٧٠)، بەم پێیە دەتوانین لە رێگەی گۆشەنیگای گەڕۆکەوە تێڕوانینەکانی ناو شیعرەکان (تێڕوانینی شاعیر و تێڕوانینی یار بۆ رەقیب) لە یەک جیا بکەینەوە و لە رێگەی چالاکییەکی کۆکەرەوەوە جگە لە گۆشەنیگاو تێڕوانینی شاعیر،کۆی تێڕوانینەکانی یاریش بۆ رەقیب بدۆزینەوە بۆ تێگەیشتنێکی وردتر و دروست تر لە دەقە شیعرییەکان و رەقیبیش.

گەر سەیری دەقی ئەدەبی بکەین، بە تایبەتی ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە دەقی شیعریی ئەو شاعیرانەیە، کە کەوتوونەتە ناو چوارچێوەی توێژینەوەکەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەگەرچی لە ناواخنی تێڕوانینەکانی شاعیردا تێڕوانینی یاریش هەیە بۆ رەقیب، بەڵام بە گشتی لە روانگەی تێڕوانینی شاعیرەوە پێک هێنراون، ئەمەش لەوێوەیە "رستەکانی دەقێک هەمیشە دەکەونە ناو ئەو تێڕوانینەی پێکیان دەهێنێت، گۆشەنیگای گەڕۆکیش لە هەر ساتێک لە ساتەکانی خوێندنەوەدا دەکەوێتە ناو تێڕوانینێکی تایبەتەوە، بەڵام ئەم گۆشەنیگایە لەو تێڕوانینەدا قەتیس نامێنێتەوە، هەر ئەمەش سروشتی تایبەتی گۆشەنیگای گەڕۆکە. گۆشەنیگا (گەڕۆک)ەکە بەردەوام لەنێوان تێڕوانینەکانی دەقدا دێت و دەچێت، هەر هاتن و چونێکیشی ساتێکی خوێندنەوەی دابڕاو و جیاواز دەنوێنێت، تێڕوانینەکان دەردەخات و لە هەمان کاتیشدا بەیەکەوەیان دەبەستێت. (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ٦٣ ـ ٦٤). ئێمەش بەهۆی ئەو گۆشەنیگا گەڕۆکەی بۆ تیشکخستنە سەر رەقیب بەکارمان هێناوە لە نێوان تێڕوانینەکانی دەقەکەدا، کە تێڕوانینی شاعیر و یارن، هاتووین و چووین و بە یەکەوەمان بەستوون و گەیشتووینەتە ئەوەی دوو تێڕوانینی جیاوازن بۆ یەک فیگەر. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین "گۆشەنیگای گەڕۆک بوار بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێت بەناو دەقەکەدا بگەڕێت و فرەیی ئەو تێڕوانینە پێکەوە بەستراوانە کەشف بکات، کە گۆڕانیان بەسەردا دێت هەر کاتێک گواستنەوە لە تێڕوانینێکەوە بۆ تێڕوانینێکی تر رووی دا." (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ٦٩) ئێمەش لە رێگەی گۆشەنیگای گەڕۆکەوە بەناو دەقە شیعرییەکاندا گەڕاوین، بە تایبەتی ئەو دێڕانەی باسی رەقیبیان تێدایە، تێڕوانینی شاعیر و یارمان دۆزیوەتەوە، ئەگەرچی شاعیر، لەبەر ئەوەی لە شیعرەکاندا قسەکەرە، گوزارشتی لە تێڕوانینی یاریش کردووەو ویستوویەتی بیبەستێتەوە بە تێڕوانینی خۆیەوە، بەڵام ئەم دوو تێڕوانینە لە یەک جیاوازن. هەر کاتێک لە تێڕوانینی شاعیرەوە سەیری رەقیب بکەین، کەسێکی بەدو خراپەو مایەی رق لێبوونەوەیە، بەڵام کە لە تێڕوانینی یارەوە سەیری دەکەین، نەک هەر بەم جۆرە نییە، بەڵکو کەسێکی خۆشەویستە. ئەم تێڕوانینە جیاوازانەش لەوەوەیە "دەق بەردەوام گۆشەنیگای جیاواز لای خوێنەر دەوروژێنێت. لە رێگەی ئەم گۆشەنیگایانەشەوە لەیەکنەچوون (اللاتماثل) رێگە دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە زەمینەیەکی هاوبەش بۆ بارودۆخیک" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط ، ص٩٩). کاتێک ئێمەش لە دەقە شیعرییەکان و لەو دێڕە شیعرییە جیاوازانەی باسی رەقیب دەکەن ورد دەبووینەوە، گۆشەنیگای جیاواز دروست دەبوو لەلامان، بەڵام سەرەنجام دوای وردبوونەوە لە بارودۆخی رەقیب لای شاعیر و لای یار گەیشتینە زەمینەیەکی هاوبەش بۆ بارودۆخی رەقیب و گەیشتینە ئەوەی رەقیب بەو جۆرە نییە کە شاعیر ویستوویەتی لە شیعرەکانیدا پیشانی خوێنەری بدات.

گەر بە گشتی سەرجەم ئەو شیعرانەی رەقیب تیایاندا هاتووە نەسەقێک بن، ئەوا " دەبێت لەو نەسەقەدا شوێنێک هەبێت بۆ ئەو کەسەی پێکهێنانەوە (الترکیب)ەکە ئەنجام دەدات. ئەم شوێنەش تایبەتمەندە بەو بۆشاییانەی لە دەقەکەدا هەن.....، ئەو بۆشاییانەش لەو سپێتییانە پێک هاتووە کە لەسەر خوێنەر پێویستە پڕیان بکاتەوە... ... ئەو بۆشاییانەش وەک جۆرە تەوەرێکن کە کۆی پەیوەندیی نێوان خوێنەرو دەق بە دەوریدا دەخولێتەوە. لێرەدا

سپێتییەکانی دەق ئەو پرۆسەی وێناکردنە دەوروژێنن، کە خوێنەر ئەنجامی دەدات بەپێی چەند مەرجێک کە دەقەکە دایاندەنێت" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ١٠١) بێگومان لە دەقە شیعرییەکاندا رەقیب بەشێوەی پچڕ پچڕ و لە شوێنی جیاوازدا هاتووە، ئەمەش واتای ئەوەیە بۆشاییەکی زۆر هەیە کە شاعیر پڕی نەکردووەتەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی وێنەی رەقیب روون بێتەوە، وەک خۆی، نەک بەو جۆرەی شاعیر ویستوویەتی. ئێمەش وەک خوێنەرێکی دەقی دێڕە شیعرەکان ئەو بۆشاییانەمان پڕ کردووەتەوەو وێنای بەسەرهات و ماجەرای رەقیبمان کردووەو توانیومانە لە هەردوو گۆشەنیگا جیاوازەکەی شاعیر و یارەوە سەیری رەقیب بکەین و وێنە راستەقینەکەی رەقیب بدۆزینەوە. ئەمەش لەوێوەیە "ئەو سپێتییانە (یاخود بۆشاییەکان ـ توێژەر ـ) پەیوەندییەکان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە لەنێوان تێڕوانینەکانی ناو دەقدا، ئەمەش هانی خوێنەر دەدات تەنسیق بکات لەنێوان ئەو تێڕوانینانەدا. بە دەربڕینێکی تر، هانی خوێنەر دەدات پرۆسە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە بە ئەنجام بگەیەنێت" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ١٠١) پرۆسەو کاری سەرەکیی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا دەرخستنی وێنەی راستەقینەی رەقیبەو ئەمەشمان لەرێگەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەوە ئەنجام داوە کە لە دەقە شیعرییەکاندا هەن و بووەتە هۆی ئەوەی ناوی رەقیب لە دێڕی پچڕ پچڕ و جیاوازدا بێت. لێرەدا بۆ ئەنجامدانی ئەمەش تێڕوانینەکانی شاعیرمان رەتکردووەتەوە "هەموو جۆرەکانی رەتکردنەوەش رەگەزە مەئلوفەکان یاخود دیاریکراوەکان ئامادە دەکات بۆ ئەوەی کار لەسەر رەتکردنەوەی بکات" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ١٠١) ئێمەش بۆ جۆری نەفیکرنەکە هەموو تێڕوانینە مەئلوفەکانی شاعیرمان لەسەر رەقیب هێناوە بۆ ئەوەی رەتی بکەینەوە، بەڵام "لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی رەتکراوەتەوە، بە ڕواڵەت دەمێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی روودانی هەموارکردنەوە لە هەڵوێستی خوێنەر بەرامبەر ئەوەی مەئلوفە یاخود دیاریکراوە. بە واتایەکی تر خوێنەر ئاڕاستە دەکرێت بەرەو ئەوەی هەڵوێستێک بنیات بنێت، کە پەیوەستە بە دەقەکەوە" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ١٠١ ـ ١٠٢) ئەو هەموارکردنەی سەبارەت بە رەقیب پێی گەیشتووین ئەوەیە لە جیاتی تێڕوانین و گۆشەنیگای شاعیر لە تێڕوانین و گۆشەنیگای یارەوە سەیری رەقیبمان کردووەو وێنەیەکی تری رەقیبمان بۆ دەرکەوتووە، کە جیایە لەوەی شاعیر ، بەڵام ئەم هەڵوێستە نوێیە بەرامبەر بە رەقیب و ئەم وێنە نوێیەش پەیوەستە بە دەقە شیعرییەکانەوەو لە دەرەوەی ئەوانەوە نەهێنراوە.

کاتێک سەیری شیعرەکانی ئەم شاعیرانە دەکەین، دەبینین لە چەندین شوێنی جیاوازو لە چەندین دێڕە شیعردا بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ ناوی رەقیب هاتووە. بێگومان ئەمە ئەوە دەگەیەنێت رەقیب بەشێکە لە دنیای شیعرەکانی شاعیر و کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەبووە، بۆیە لەو هەموو شوێن و بۆنە جیاوازانەدا ناوی هێناوەو باسی کردووە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا چووینەتە ناو دنیای شیعرەکانی و وەک واقیعێک (کە شاعیر لە شیعرەکانیدا دروستی کردووە) سەیری دنیای ئەو شیعرانەمان کردووە، دیارە "هەر واقیعێکیش بوونێکی تایبەت بە خۆی نەبێت، ئەوا تەنها لە رێگەی وێناکردنەوە دەتوانرێت بهێنرێتە بوون" (فولفغانغ أیزر، ب.س.ط، ص ٣٥) ئەو واقیعەی ناو دنیای شیعرەکانیش لە دەرەوەدا بوونێکی تایبەتی نییە، بۆیە تەنها لە رێگەی وێناکردنەوە دێتە بوون و دەردەکەوێت. واقیعی ناو دنیای شیعرەکانیش لە رێگەی وێناکردنەوە دەرکمان پێکردووەو تیایدا بەسەرهاتی شاعیر و رەقیب و یارمان پێکەوە گرێداوەو باس و روداوەکانی رەقیب و شاعیر و یارمان بەیەکەوە بەستووەو ئەوەندەی پێمان کرا بێت هەوڵماندا‌وە سەرگوزشتەو داستانی رەقیب بنوسینەوەو لە رێگەی ئەمەوە ئەو تێڕوانینە بۆ هەر یەکە لە رەقیب و شاعیر هەڵبوەشێنینەوە کە لە گوتاری خودی شاعیر و لێکۆڵەرەکاندا هەیە بەرامبەر بە رەقیب.

**وشەو زاراوەی ڕەقیب:**

وشەی "ڕەقیب" لە بنەمادا وشەیەکی عەرەبییە بەشێوەی (رقیب ، الرقیب) دەنوسرێت، لە قورئاندا لە پێنج ئایەتدا پێنج جار هاتووە*، لە هەر پێنج ئایەتەکەشدا بۆ خوا بەکارهێنراوەو بە واتای ئەوە هاتووە خوا چاودێرە بەسەر مرۆڤەکانەوەو ئاگای لێیانە. لە فەرهەنگەکانیشدا کاتێک باسی وشەی (الرقیب) کراوە چەندین واتای بۆ دانراوەو بریتین لە: یەکێکە لە ناوەکانی خوا، ئەو پارێزەرەیە کە هیچ شتێکی لێ ون نابێت، کەسێک کە سەرنجی شتێک دەدات (إبراهیم وأخرون، ، ص١٩٨٩). هەروەها سەبارەت بە" (الرقیب): دەوترێ "ئەو چاودێری خۆیەتی" واتە ڕەخنە لە کارەکانی خۆی دەگرێت و ڕێگە نادات خەڵک سەرکۆنەی بکەن... ڕەقیبی سوپا: پێشەنگەکەیەتی (طلیعتە). (لویس معلوف، ١٩٩٦، ص٢٧٤). هەروەها لە فەرهەنگی (معجم المعاني)یشدا چەندین واتا بۆ وشەی (الرقیب) دیاریکراوە کە بریتین لە: ناوێکە لە ناوەکانی خوا، واتاکەی بریتییە لە: ئەو پارێزەرەی هیچ شتێکی لێ ون نابێت، هیچ شاراوەیەک لەو شاراوە نییە، بێئاگا نییە لەوانەی دروستی کردوون، چاوەڕێی ئەوە لە بەندەکانی دەکات ملکەچی ببن، لێی بترسن... ئەوەی سەرنجی شتێک دەدات... پاسەوان... پارێزەر (ئەوەی دەپارێزێت)... لە سوپادا: پێشەنگ (ئەوەی لە پێشەوەیە)... ئەوەی پێداچوونەوە بە کتێب و ڕۆژنامەدا دەکات پێش بڵاوکردنەوە بۆ لادانی ئەوەی لەگەڵ نەریت، یان سیاسەتی حکومەت ناگونجێت... پلەیەکی سەربازییە لە سوپادا... (رقیب عتید): واتە چاودێریکەرێکی ئامادەو بە ئاگا. (بڕوانە ئەم پێگەیە: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%B1%D9%82%D9%8A%D8%A8/). لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت (الرقیب) جگە لەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی یەکێکە لە ناوەکانی خوا، لە بوارو کایەکانی تریشدا بە چەند واتایەکی تریش دێت، کە نزیکن لە یەکەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت "واتای هەر وشەیەك شتێکی سوك و ئاسان نییە، ئەو واتایەشی کەوا لە فەرهەنگەکانی زماندا دەیبینین بەخۆی ئەو ناوك (النواة)ەیە کەوا کۆمەڵێك واتای لاوەکی لە دەوری کۆ دەبنەوە. جا ناوکەکە واتای شتێك یاخود ڕووداوێك دەدات بە دەستەوە، بەڵام واتا لاوەکییەکان دەلالەت لە چەندین لایەنی جۆربەجۆر بۆ ئەو شتە یاخود ئەو ڕوداوە دەکەن." (لاسلس ئابەرکرۆمبی، ٢٠٠٢، ل٣٨) لێرەشدا وشەی ڕەقیب جگە لە واتا سەرەکییەکەی، کە یەکێکە لە ناوەکانی خوا، چەندین واتای لاوەکیشی هەیە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە هیچ کام لەو واتا سەرەکی و لاوەکییانەی وشەی ڕەقیب هەیەتی ئەو واتایە نین، کە شاعیرانی کورد بەو وشەیان بەخشیوە، چونکە ئەم وشەیە لە شیعری کلاسیکیی کوردیداو لای شاعیرە کلاسیکەییەکانمان، وەک دواتر باس دەکرێت، بووە بە زاراوەیەک و لەو واتایانە لایان داوە، کە لە زمانی عەرەبی و لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا هەیەتی و تەنانەت شێوەی داڕشتنەکەشیان گۆڕیوە بۆ کوردی و وەک وشەیەکی خۆماڵیی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت "زمانی کوردی لە مێژە سوودی لەم ڕێگایە وەرگرتووە، ئەو وشە عەرەبییانەی وەرگیراون کەوتوونەتە ژێر دەستووری دەنگسازی و زمانەوانی کوردییەوەو خۆماڵی کراون." (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧، ل ١٤٣).

بە گشتی لای شاعیرانی کلاسیکیی کورد وشەی ڕەقیب دوو واتای سەرەکی دەگەیەنێت: یەکیان بە واتای کەسێکی بەدکار و خراپ دێت چ پیاو بێت یاخود ژن، بەتایبەتی ئەو کاتانەی بە شێوەی کۆ (ڕەقیبان) هاتوە، بە واتای کەسێکی خراپ هاتوە، کە لێرەدا خراپییەکەی بەهۆی ئەوەوە نییە لە یار نزیکەو دەیەوێت بۆ خۆی بێت، بەڵکو لەم حاڵەتەیاندا ڕەقیب هیچ پەیوەندییەکی بە یارەوە نییەو تەنها مەبەست لێی کەسێکی خراپە بەشێوەیەکی گشتی "ڕەقیبان: وشەیەکی (باو)ە بە دەم هۆنەرانەوە لە هەڵبەستەکانیانداو بە مەبەستی: نەیار، دژ، خراپکار... بەکاری دێنن. (محەمەد مستەفا حەمەبۆر ـ دیوانی کوردی ـ ب٢، ٢٠١٠، ل٢٣٣). لە شیعری شاعیرەکانیشدا هەندێک جار ڕەقیب بەم واتایە

هاتووه، بۆ نمونه لەم دێڕەی مەحویدا ڕەقیب بە کۆ هاتوەو مەبەستی لەو کەسانەیە، کە خراپەی دۆستەکەی ئەمیان دەوێت:

**بە ئاهم گەر ڕەقیبانت بسوتێن ئەی گوڵی ڕەعنا**

**مەڕەنجە، تو خودا شوعلە لە ئاقاری چقڵ چ بکا؟!** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل١٤)

ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا کاتێک بە کۆ دێت بە (رقباء) دەنوسرێت، بەڵام لە کوردیدا شاعیرەکان کاتێک لە شێوەی کۆدا بەکاری دەهێنن بە (ڕەقیبەکان) دەینوسن، وەک لەو دێرە شیعرەی سەرەوەی مەحویدا هاتووە، کەواتە لای شاعیری کورد وەک وشەیەکی کوردی مامەڵەی لەگەڵ کراوەو بەهەمان سیستمی ڕێزمانی کوردی کراوە بە کۆ و بووە بە (ڕەقیبان). لەم دێڕەشدا ڕەقیب ئەو کەسە نییە، کە شاعیر بە ڕکابەری خۆی دەزانێت لە خۆشویستنی یاردا، بەڵکو واتای ئەو کەسە بەد و خراپانە دەگەیەنێت، کە دەیانەوێت زیان بە خۆشەویستەکەی بگەیەنن و ئازاری بدەن. لای "کوردی"یش هەندێک جار بەم واتایە هاتووە، بۆ نمونە دەڵێت:

**برادەر، بۆچی وا بێ (شوێن) و (شەرت و عەهد)و پەیمانی؟**

**لــە مـــن بێزاری داخـــۆ، یـــاری ئـــەغیارو ڕەقیبانی** (دیوانی کوردی، ٢٠١٠، ب٢، ل٢٣٢)

لەم چەند دێڕەدا ڕەقیب بە گشتی کەسێک دەگەیەنێت، کە خەریکی خراپەیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین بەگشتی لای شاعیرەکانی ئەم توێژینەوەیە زۆر کەم ڕەقیب بەم چەمکە بەکار هاتووە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لەسەری ئەم جۆرەی ڕەقیب نەوەستاوین، کە ئەم واتا گشتییەی هەیە.

ئەوەی تیشکی ئەم توێژینەوەیەی ئاراستە دەکەین، چەمکەکەی تری ڕەقیبە، کە بە واتای ئەو کەسە دێت، کە لەنێوان دوو عاشقدایەو دەیەوێت مەعشووق لە عاشق بکات و بۆ خۆی بێت. لای شاعیرەکانیش زیاتر بەم چەمک و مەبەستە بەکار هاتووەو ئێمەش زیاتر قسە لەسەر ئەم جۆرە ڕەقیبەیان دەکەین.

**ڕەقیب لە شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی و مەحویدا:**

لێرەدا بە پێویستی دەزانین پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ڕەقیب لە دیدی شاعیرەکانەوە، ئاماژە بە ڕووداوێک بکەین، کە (عبدالله الغذامي) باسی دەکات و مایەی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیەو دەڵێت: "ئەبو نەواس بەلای مامۆستایەکدا تێپەڕی، مامۆستاکە سەرەتای ئەو شیعرە بەناوبانگەی ئەمی بۆ قوتابییەکانی باس دەکرد کە دەڵێت: (ألا فأسقني خمرا وقل لي هي الخمر - شەرابم دەرخوارد بدەو پێم بڵێ ئەوە شەرابە)، مامۆستاکە دەڵێت شاعیر شەرابەکەی بینیوەو هەستی بینینی مەست بووە، بۆنی کردووەو هەستی بۆنکردنی مەست بووە، تامی کردووە و هەستی تامکردنی مەست بووە، دەستی لێداوەو هەستی دەستلێدانی مەست بووە، تەنها هەستی بیستنی بێبەش بووە لە مەست بوون، بۆیە شاعیر دەڵێت: پێم بڵێ ئەمە شەرابە. بەم قسەیە هەستی بیستنیش دەچێتە پاڵ هەستە مەستبووەکانی تر. گێڕانەوەکە دەڵێت ئەبو نەواس - کە بەم شیکردنەوەیە مەست بوو بوو- چووەتە لای ڕەخنەگرەکەو دەست و سەریی ماچ کردووە و پێی وتووە: دایک و باوکم بە قوربانت بن، بە جۆرێک لە شیعرەکەم تێگەیشتووی، کە من خۆم وا لێی تێنەگەیشتووم." (عبدالله الغذامي(الأستاذ الدكتور)، ٢٠٠٠، ص١٣٦). لەم بەسەرهاتەوە ئەوە دەردەکەوێت وەرگر و بە تایبەتیش ڕەخنەگر بەلایەنی کەمەوە ئەگەر بابەت و پێدراوەکانی شاعیر وەک خۆیان نەبینێت، پێویستە لە شاعیر باشتر بیانبینێت و دەرک بە ڕاستییەکان و نەگوتراوەکان بکات. ئەمانەی ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لەبارەی ڕەقیب و پێگەی ڕەقیب لای یار باسیان دەکەین لە بنەمادا لەسەر زاری شاعیرەوە ڕاستەوخۆ و

ناڕاستەوخۆ گوتراون، بەڵام بیریان لێ نەکراوەتەوەو بەدرێژایی دەیان ساڵ بیرلێنەکراوە بوون. ئەم فەرامۆشکردن و بیرنەکردنەوەیە لێیان وای کردووە گۆشەنیگاو تێڕوانینی شاعیر لە ڕەقیب بووە بە گۆشەنیگاو تێڕوانینی ئێمەش بۆ ڕەقیب. لە کاتێکدا نابێت وەرگر و بەتایبەتی لێکۆڵەرو ڕەخنەگر لەهەمان تێڕوانینی شاعیرەوە لە پێدراوەکانی شاعیر بڕوانن، بەڵکو پێویستە تێڕوانین و گۆشەنیگای شاعیر تێپەڕێنن، چونکە شاعیر کاتێک باسی ڕەقیب دەکات لە بارێکی دەروونی تایبەتدایە بەرامبەر بە ڕەقیب و لەو بارە دەروونییە تایبەتەو لە ڕوانگەی خۆیەوە لە ڕەقیب دەدوێت، نەک خودی ڕەقیب چۆنە بەو جۆرە لێی دوابێ.

وشەی (الرقیب) وەک پێشتر باس کرا یەکێکە لە ناوەکانی خواو بە واتای چاودێر هاتووە، شاعیرانی کوردیش ئەم وشەیان وەرگرتووە، بەڵام لای ئەمان چەمکەکەی گۆڕاوەو بووە بە زاراوەیەک و بۆ کەسێکی بەد و خراپ بەکاریان هێناوە، کە دەکەوێتە نێوان شاعیر و یارەکەی، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەم زاراوەیە لای شاعیرەکان بەو چەمکە بەکار نەهاتووە، کە لە قورئاندا هەیەتی، ئەمەش لەوەوەیە "هەندێک چەمک لە نەسەقی زانستی و فەلسەفیدا بنەمایەکیان هەیە، بەڵام دەبن بە ناو بۆ  بابەتێک، کە لە بنەمادا ناو نین بۆ ئەو بابەتە"" (محمد مفتاح و أحمد بوحسن، ٢٠٠٠. ص ١٠٧) لێرەشدا ئەم وشەیە چەمک و واتاکەی گۆڕاوەو بەهەمان ئەو واتایە بەکار نەهاتووە، کە لە بنەمادا لە زمانی عەرەبی و لە قورئانیشدا هەیەتی.

ئەم زاراوەی (ڕەقیب)ە لە شیعری زۆربەی هەرە زۆری شاعیرە کلاسیکییەکاندا بەکار هاتووەو بووەتە فیگەرێک و پانتاییەکی زۆری شیعرەکانی داگیرکردووە، هەمیشە مامەڵەی شاعیریش لەگەڵ ئەم کەسایەتییە مامەڵەیەکی دوژمنکارانە بووەو زۆر قینی لێی بووەو هەوڵی داوە بەهەموو جۆرێک ناشیرینی بکات. نوسەرو ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەکانیشمان تەنها لە ڕوانگەی شاعیرەوە سەیری ڕەقیبیان کردووە، بۆیە هەمان تێڕوانین و بۆچوونی شاعیریان لا دروست بووە بەرامبەر بە ڕەقیب. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە لە شیعرەکاندا شاعیر قسەکەرەو لە ڕوانگەی خۆیەوە لەکەسەکان دەڕوانێت و باسی دیاردەو شتەکان دەکات. ڕەقیب قسەکەر نییەو نەیتوانیوە گوزارشت لە خۆی بکات و پەیوەندیی خۆی و یار چۆنە باسی بکات، بۆیە لە شیعرەکاندا گۆشەنیگای ڕەقیب نادیارەو بەهیچ جۆرێک لە گۆشەنیگای ئەوەوە باسی پەیوەندیی خۆی و یار نەکراوە. یاریش ئەگەرچی قسەکەر نییە، بەڵام شاعیر جگە لە دەربڕینی ڕاو بۆچون و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ڕەقیب، لەهەمان کاتدا زۆر جار بەتەواوی گوزارشتی لە قسەو هەڵوێست و ڕەفتارەکانی یار کردووە بەرامبەر بە ڕەقیب. لەم ڕوانگەوە ناچارین تەنها لە ڕەقیب نەدوێین، بەڵکو لەگەڵ باسکردنی ڕەقیبدا باسی شاعیر و یاریش دەکەین، چونکە لە دەقدا "بیرۆکەو هزرەکان لەیەک دابڕاو نین، بەڵکو بەو حوکمەی ئەوەی دواتر لەسەر ئەوەی پێشتر ڕاوەستاوە، ئەوا لەنێوان خۆیاندا بەناو یەکدا دەچن" (محمد مفتاح و أحمد بوحسن، ٢٠٠٠. ص ٣٩)، ئێمە لەو بڕوایەداین ئەم بەناویەکداچوونە هەر تەنها بیرۆکەو هزرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر جار گۆشەنیگاکانیش دەگرێتەوە، بۆیە شاعیر هەوڵی داوە گۆشەنیگای یار تێکەڵ بە گۆشەنیگای خۆی بکات و ویستویەتی یاریش وەک ئەم لە ڕەقیب بڕوانێت، کەچی نەیتوانیوە ئەمە ئەنجام بدات، چونکە ئەو کاتانەی ویستوویەتی باسی هەڵوێست و ڕەفتاری یار بکات بەرامبەر بە ڕەقیب، ئەوا بەبێ ئەوەی هەستی پێ کردبێت لەژێر کاریگەیی گۆشەنیگای خۆی دەرچووەو لە پشت گوتنەکانی شاعیرەوە گۆشەنیگاو ڕوانینی یار دەردەکەوێت. بۆیە گەر گۆشەنیگای ڕوانینمان بۆ ڕەقیب لە شاعیرەوە بگوازینەوە بۆ یار، ئەوا تێڕوانین لە ڕەقیب بە تەواوی دەگۆڕێت و چیتر ڕەقیب ئەو کەسە بەدکارە نامێنێت، کە کەوتووەتە نێوان شاعیر و یارەکەیەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی یارەوە شاعیر ئەو کەسە بەدکارەیە، کە کەوتووەتە نێوان یار و خۆشەویستەکەی یارەوە (کە شاعیر هەمیشە لە شیعرەکانیدا بە

ڕەقیب ناوی دەبات). یار هەمیشە هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدات لە شاعیر، ڕووی نادات، قسەی لەگەڵ ناکات و نایدوێنێت، مەیلی بۆی نییە، حەز ناکات ببینێت و دەیەوێت دووری بخاتەوە لە خۆی، لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە هەوڵی نزیککردنەوەی ڕەقیب دەدات لە خۆی، ڕووی دەداتێ، قسەی لەگەڵ دەکات و گوێی بۆ دەگرێت و بەگوێشی دەکات، مەیلی هەیە بۆی، حەز دەکات ببینێت و هەمیشە لە نزیکی بێت. ئەمەش واتای ئەوەیە یار ئەو کەسەی خۆش دەوێت، کە شاعیر بە ڕەقیب ناوی دەبات و مەعشووقی ئەوە، بەڵام شاعیر کەوتووەتە نێوانیانەوەو بووە بە ڕەقیب لێیان. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی هەموو ئەو تێڕوانینانەیە کە پێشتر لەسەر ڕەقیب هەبوون و شیمانەی ئەوەی هەیە ببێتە جێی گلەیی و گازاندەی خوێنەرو لێکۆڵەران، بەڵام ئێمە هەمان ئەو بڕوایەمان هەیە، کە "هەر گازەندەیەک لە توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی بکرێت و بوترێ "نوسەر مەبەستی ئەمە نەبووە" بەشێوەیەکی ناڕەوا سنوردانانە بۆ دەوڵەمەندیی زمان و فرەیی واتا لە خودی بەرهەمە ئەدەبییەکەدا. (رونان ماکدونالد، ٢٠١٤، ص٢٠) و وردبوونەوەو سەرنجدانێکی قووڵ و دوور لە کاریگەریی گۆشەنیگاو تێڕوانینی شاعیر ئەو تێڕوانینە کۆنە لەسەر ڕەقیب دەگۆڕێت و ئەم تێڕوانینە نوێیە جێگەی دەگرێتەوە.

**ڕەقیب لە دیدی شاعیرەکانەوە:**

**١ـ نالی**

گەر لە ڕوانگەی نالیی شاعیرەوە سەیری ڕەقیب بکەین، دەبینین بەردەوام شاعیر کاری لەسەر ئەوە کردووە لە شیعرەکانیدا وێنەیەکی ناشیرینی ڕەقیب پیشان بدات، بۆ نمونە لەم دێڕەدا دەڵێت:

**ڕەقیبی جوفتەلی، نابێتە نەخچیرت، کە خەر کوڕە**

**ئەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەردڕ و جەودا** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل٨٧)

ڕەقیبی جوتە هاوێژ کەی بۆ ئەوە ئەبێ ببێ بە نێچیری تۆ؟ ئەو هەمیشە هەر لەگەڵ ئالیک و لەوەڕدا سەرو سەودایەتی. بەهۆی عاشقبوونی بە گیای کەردڕ و جۆوە، هەمیشە هاوڕێی لەوەڕگەیە(دیوانی نالی، ل٨٧ - ٨٨). لێرەدا شاعیر وەک ئاژەڵێک لە ڕەقیبی ڕوانیوە، بە تایبەتی وەک گوێدرێژێک وێنەی کێشاوە، کە هەمیشە لە لەوەڕگەدایەو خەریکی خواردنی گیای کەردڕ و جۆیە.

لە دێڕێکی تریشدا دیسان ڕەقیب دەچوێنێت بە کەر و دەڵێت:

**هەرچی مەحبووبان دەکەن خۆشە، بەڵام داخی ڕەقیب**

**دەمکوژێ، طەرحی مرێ، هەر وەک کەری بێگارییە** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل٥٨٥)

یان لە دێڕێکی تردا خو و ڕەوشتی ڕەقیب بۆ یار ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت:

**قەصدی یاریتە لە کن بەزمی ڕەقیب**

**یاری من! خۆت مەکە بەدخو بە عەبەث** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل ١٥٦)

گوایە بەراستت نییەو یاری ئەکەی، کە لەگەڵ ڕەقیبدا ڕائەبوێری و ڕووی خۆشی ئەدەیتێ، ئەی دۆستی خۆشەویستم، لەخۆڕایی خۆت بەدخو مەکە، ڕەقیب بۆ ئەوە ناشێ ڕووی بدەیتێ. (دیوانی نالی، ل١٥٦) لێرەدا لە ڕووی مەعنەوییەوە سەیری ڕەقیب دەکات و وا وەسفی دەکات کە کەسێکی بەدخووەو داوا لە یار دەکات لێی نزیک نەبێتەوەو یاریی لەگەڵ نەکات، چونکە ڕەقیب ئەوەندە کەسێکی خراپە هی ئەوە نییە یاریی لەگەڵ بکرێ و بە یارەکەی دەڵێت تۆش بەم یاریکردنەت لەگەڵ ڕەقیب وەک ئەو بەدخو دەبیت. لە دێڕێکی تردا دیسان لە ڕەقیب دەدوێت و لەگەڵ (موددەعی) پێکەوە ناویان دەهێنێت و دەڵێت:

**بەشەڕ هاتن ڕەقیب و موددەعی، من خۆشی خۆشیمە**

**کــــە دەعوایە، لــە هــەر لایە بکوژرێ سودی ئیسلامە** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل٤٧١)

لێرەدا هەر یەک لە ڕەقیب و موددەعی بەلای نالییەوە وەک دوو کافر سەیریان کراوەو خۆیشی بە موسڵمانێک داناوە، لە خەیاڵدانی نالیشدا کافر دژی موسڵمانەو دوژمنە، ئەو دوو کافرەش کە ڕەقیب و موددەعین شەڕیانەو لەو شەڕەدا هەرکامێکیان ئەوی تر بکوژێت، هەر سودی بۆ ئیسلام و بۆ نالی هەیە کە موسڵمانەو لەناو بازنەی ئیسلامدایە. واتە لەم دێڕەدا نالی وا لە ڕەقیب دەڕوانێت کە کافرەو شایانی ئەوەیە لەناو بچێت و نەمێنێت. ئەم سەیرکردنەشی بۆ ڕەقیب و مودەعی لەوێوەیە گەر ڕەقیب نەمێنێت، یار بە تەنیا بۆ ئەم دەمێنێتەوەو گەر مودەعیش نەمێنێت ئیتر کەسێک لەو نێوانەدا نامێنێت لای یار قسە بۆ شاعیر هەڵبەستێت و نێوانی شاعیر و یار تێک بدات. هەر ئەمەش وای کردووە لە دێڕێکی تردا بڵێت:

**ڕەقیب و موددەعی وەک پوش و پووشوو**

**بسوتێنین، کــــە وەک بەرقین لەبەر قین** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل٣٥٢)

پوش و پوشوو ئەو دوو جۆرە ڕووەکەن کە زۆر بە ئاسانی گڕ دەگرن، تەنانەت هەر ئەوەندەی بروسکەیەک یان پزیسکێکی ئاگریان بەربکەوێت یەکسەر دەسوتێن، بۆیە لێرەدا شاعیر ڕەقیب و موددەعی دەچوێنێت بە پوش و پوشوو، ڕق و کینەی خۆشی بەرامبەر بەو دوانە دەچوێنێت بە بروسکەو پزیسکی ئاگر بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ئەو دووانە بسوتێنێت و لەدەستیان ڕزگاری بێت.

**٢. سالم**

سالمیش وەک سەگ لە ڕەقیب دەڕوانێت بۆیە دەڵێت:

**ڕەقیب دەستی ڕەفیقیی نایە دەستم**

**حــەقیقەت پــەنجــەیــی "سـالم" گلاوە** (دیوانی سالم، ب.س.چ، ل٨٢٩ )

سالم لە شوێنێکی تردا کاتێک باسی ڕەقیب دەکات، وەک دڕک لێی دەڕوانێت، کە مایەی خەم و ئازارە بۆ دڵی ئەم و دەڵێت:

**شادیی و غوصصەیە بۆ دڵ، ڕوخی دڵدارو ڕەقیب**

**طەرەب و ئەندووهە بۆ بولبوولی شەیدا، گوڵ و خار** (دیوانی سالم، ب.س.چ ، ل٢٩٢)

لەم دێڕەدا هەم یار ئامادەیی هەیە، هەم ڕەقیب و هەم خودی شاعیر، شاعیر باسی ڕوخساری جوانی یار و کەسێتیی ڕەقیب دەکات و پەیوەندیی ئەو دوانە بە خۆیەوە ڕوون دەکاتەوە، ڕووی جوانی یار وەک بینینی گوڵەو مایەی خۆشییە بۆی، بەڵام ڕەقیب وەک دڕکێک وایە کە بووەتە مایەی ئازار و خەم و خەفەت بۆ شاعیر. لە دێڕێکی تریشدا هەمان بۆچوون دەردەبڕێت و دەڵێت:

**چ دەبــێ، گــەر لــە ڕەقــیـبم دڵــم ئـازاری بێ؟**

**هەر گوڵێ بولبولی بێ، حوکمە دەبێ خاری بێ** (دیوانی سالم، ب.س.چ ، ل٩٦٥)

لەو دوو دێـڕەی سـەرەوەدا ڕەقیـب بە دڕک دەچوێنێـت کە ئـازاری دڵـی دەدات، بـۆیە هەسـت دەکـات ئەگەر بەیەکگەیشتنێکیش هەبێت لەگەڵ یار، ئەوا ڕەقیب دێتە ناوەوەو خۆشیی ئەو بە یەکگەیشتنە لە دڵی ئەمدا ناهێڵێت و دەڵێت:

نایێڵێ لەذذەتی وەصڵت لە دڵا، جەوری ڕەقیب

شـادمـانـی نییە بـۆ ئـەو کـەسە ئـەغیاری بێ     (دیوانی سالم، ب.س.چ ،ل٩٦٦)

ئەم ڕەقیبە کە ئەو وەک ئەغیار یاخود کەسێکی بێگانەو نامۆ سەیری دەکات، بووەتە هۆی ئەوەی دڵی ئەم لە شادمانی بێبەش بێت.

لە دێڕێکی تردا دیسان باسی ڕەقیب دەکات و بە کەسێکی دزو خراپ و دڵپیسی دادەنێت و دەڵێت:

ڕەقیب بۆ کاری سالم تۆی خەلەلخواه

نەگا، یا ڕەب بە مەطڵەب دوزدی دڵپیس     (دیوانی سالم، ب.س.چ ، ل٣٨١)

لێرەشدا شاعیر لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری ڕەقیب دەکات، وای دەبینێت ڕەقیب بووەتە هۆی تێکدانی کاری ئەم، کارەکەشی ئەوەیە لەگەڵ یاردا تەبا بێت و پێکەوە بن، بەڵام ڕەقیب ڕێگرە لەم کارەی سالم و بووەتە هۆی ئەوەی یار لە سالم دوور بێت، بۆیە سالم دۆعای لێ دەکات و ڕوو دەکاتە خواو داوا لە خوا دەکات نەهێڵێت دزی دڵپیس (کە مەبەستی ڕەقیبە) بگات کە هەیەتی، واتە لێرەدا سالم وەک دزێکی دڵپیس سەیری ڕەقیب دەکات. لێرەدا پێویستە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین، کە بۆچی سالم ڕەقیب بە دز دادەنێت و چیی لە سالم دزیوە؟ دیارە سالم عاشقی یار بووەو بەتەمای ئەوە بووە یار بەدەست بهێنێت، یار وەڵامدانەوەی نەبووە بۆ عەشقەکەی سالم بەرامبەری، لەلایەکی ترەوە ڕەقیب هاتووەو لە یار نزیک بووەتەوەو یاریش وەڵامدانەوەی هەبووە بۆی و لەو نزیک بووەتەوەو لە سالم دوور کەوتووەتەوە، لە ڕوانگەی سالمەوە ئەمەش واتای ئەوەیە ڕەقیب هاتووەو یاری لەم دزیوە. لێرەدا دوو خاڵ لەسەر ئەم هەڵوێستەی سالم هەیە زۆر گرنگن و پێویستە ئاماژەیان پێ بکەین، یەکەم خاڵ ئەوەیە لە تێڕوانینی سالمدا یار نەک هەر مرۆڤێکی خاوەن ویست و ئیرادە نییە، بەڵکو وەک شتێک سەیری کراوە، کە دەدزرێت و ڕەقیب هاتووەو دزیویەتی. بێگومان ئەمەش تێڕوانینێکی زۆر نەگەتیڤە لە یار، خاڵی دووەم لە ئەنجامی خاڵی یەکەمەوە کەوتووەتەوەو ئەوەیە سالم نەیتوانیوە دەرک بەوە بکات یار مرۆڤێکە ویست و ئیرادەی هەیەو خاوەن بڕیارەو ئەمی خۆش ناوێت، واتە سالمی خۆش ناوێت و ئەو کەسەی خۆش دەوێت، کە سالم بە ڕەقیب ناوی دەبات، هەر ئەم خۆشەویستییەش وای کردووە بەرەو ڕووی ڕەقیب بچێت و لەگەڵ ئەو بێت و لە سالم دوور بێت. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت یار و ئەو کەسەی سالم بە ڕەقیب ناوی دەبات یەکیان خۆش دەوێت و تەبان و پێکەوەن، کەواتە ئەو کەسە ڕەقیب نییە، بەڵکو عاشقەکەیەو یاریش مەعشووقەکەیەتی و ئەوەی لەو نێوانەدا بووە بە ڕەقیب، خودی شاعیرە، واتە خودی سالمە کە بووە بە چاودێر بەسەر یار و خۆشەویستیەکەیەوە (کە شاعیر بە ڕەقیب ناوی دەبات) و بووە بە ناحەزی ڕەقیب.

**٣. کوردی:**

ڕەقیب لای "کوردی" کەمێک جیاوازە لە ڕەقیبی لای نالی و سالم، ڕەقیبەکەی لای نالی و سالم زۆر مەترسیدار نییە، بەڵام ڕەقیبەکەی لای کوردی دەستەوسان نییە، توڕەو توندەو (کوردی) لێی دەترسێت. وەک پێشتر باسکرا، نالی ڕەقیب دەچوێنێت بە کەر، بەڵام کوردی لە نالی توندتر سەیری ڕەقیب دەکات و دەیچوێنێت بە سەگێکی زۆر دڕندە کە پێویستە حەزەری لێ بکات و لێی نزیک نەبێتەوە و دەڵێت:

تـا ڕەقیب حـاضرە بۆ من حەذەرە نەک حەضەرە

ئەو سەگە تا لە کەمین بێ، حەضەرم هەر سەفەرە   (دیوانی کوردی ـ ب١، ٢٠١٠، ل٥٩٢)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا ناوی ڕەقیبی هێناوە کە تا ئەو ئامادە بێت، پێویستە ئەم حەزەر بکات و ئاگای لە خۆی بێت، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا بە سەگ ناوی ڕەقیب دەبات و پێیوایە تا ڕەقیب ئامادەیی هەبێت و لە نزیک یار بێت، ئەم گەر لەلای یاریش ئامادە بێت، ئەوا بەهۆی بوونی ڕەقیبەوە لەوێ، وەک ئەوەیە ئەم لای یار نەبێت و لە سەفەردا بێت و دوورە لەیار . ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە تێڕوانینی شاعیرە لە ڕەقیب کە وەک سەگ دەیبینێت و ئامادەیی ئەو لای یار ئەم دەخاتە حاڵەتی غیابەوەو دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر دەستی بە یار نەگات. لە دێڕێکی تردا شاعیر ڕەقیب بە بێچوە گورگ دەچوێنێت و دەڵێت:

**مەجمەعی عوششاق دەڕەنجێنیت و دەشزانی ڕەقیب**

**بەچچە گورگێکە، کەویی نابێت و شەڕ ئێنشادەکەی** (دیوانی کوردی ـ ب٢، ٢٠١٠، ل ٢٧٠)

وەک دەردەکەوێت لەم دێڕەدا ڕەقیب لەلایەن شاعیرەوە بە بێچووە گورگ ناوی هاتووە، ئەمەش واتای ئەوەیە شاعیر وەک کەسێکی دڕ کە مایەی ترسە سەیری ڕەقیب دەکات کە ڕێگری لە شاعیر دەکات و شاعیریش هیچی لەدەست نایەت بەرامبەری، بۆیە دەڵێت:

**محەللی سـەجدەگـاهم خـاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە**

**ڕەقیب رووی ڕەش بێ، ناهێڵێ بگا دەستم بە دامانت** (دیوانی کوردی ـ ب١، ٢٠١٠، ل١٠٤)

شاعیر خاکی بەردەرگای یار بە شوێنی کڕنوش بردنی خۆی دەزانێت، بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو کڕنوش بردنەوە دەستی بە دامێنی یار بگات، بەڵام ڕەقیب لەوێیەو ناهێڵێت ئەم ئاواتەی شاعیر بێتە دی و دەستی بگاتە دامانی یار. لەم بارەی کوردیدا بەرامبەر بە ڕەقیب ئەوە بەدی دەکرێت، کە ڕەقیبەکەی کوردی کەسێکی ترسناکەو شاعیر لێی دەترسێت و حەزەر دەکات لێی، وەک لەم دێڕەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

**غوربەت عەزیزم هەر ئەوەندەی چاکە بێ ڕەقیب**

**ناوت دەبەم، هەمەدەم، بێ باک و نا (خۆفناک)** (دیوانی کوردی ـ ب١، ٢٠١٠، ل٢٦٤)

لێرەدا شاعیر باسی ئەوە دەکات لە یار دوورەو لە غوربەتدایە، هەمیشە غوربەت دوورکەوتنەوە لە یار شتێکی ناخۆش بووە، بەڵام لەم غوربەتەدا ڕەقیبی لێ نییە، ئەمەش وای کردووە ئەو غوربەتەی بەلاوە چاک بێت، چونکە لەوێ ڕەقیب ئامادەیی نییەو دەتوانێت بێ باک و بەبێ ترس هەموو کاتێک ناوی یارەکەی ببات. بەڵام گەر ڕەقیب دیار بێت، ئەوا کوردی نەک هەر ناوێرێت بە لای یاردا بچێت، بەڵکو ناشوێرێت ناوی یار ببات. بۆیە ئەم ڕەقیبە ترسناکە کوردیی گەیاندووەتە ئەو ئەنجامەی ناچارە خۆی بدات بە دەستەوەو واز لە یار بهێنێت بۆ ڕەقیب و دەڵێت:

**بە ریسوایی و بە رووتیی من ڕەقیب داناکەوی باقڵ**

**هەتا تەسلیم نەبێ (کوردی) مەظەننە نایە تەسکینت** (دیوانی کوردی ـ ب١، ٢٠١٠، ل١٢٣)

لێرەدا دان بەوەدا دەنێت ڕەقیب بەوەندە وازی لێ ناهێنێت رووت و رسوا بێت، بەڵکو دەبێت لە مەسەلەی یاردا تەسلیم ببێت، کە یار لەگەڵ ڕەقیبدایەو ئەوی خۆش ناوێت، ئەمەش بە دژایەتیی خۆی دەزانێت . بۆیە لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**ڕەقیبیش عەکسی مەتلەب بوو لەگەڵما**

**کـە پیشەو کۆششی پـەیکاری مـن بوو** (دیوانی کوردی ـ ب١، ٢٠١٠، ل٤٤٢)

ڕەقیب بەردەوام دژایەتیی شاعیر دەکات و کارو پیشەی بەدواداچوونی شاعیرە، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ئەوەی نێوانی لەگەڵ یار تێک بدات. بۆیە ئەم دژایەتییەی ڕەقیب بۆ شاعیر وا لە شاعیر دەکات سەری خۆی هەڵبگرێت و

دوور بکەوێتەوەو لە یار دابڕێت، کە دووریش دەکەوێتەوە، ئیتر لە دوورەوە ئاواتی ئەوە دەخوازێت بتوانێت بۆ یەک جاریش بێت دەستی لە کەمەری یار بئاڵێنێت و باوەشی پیا بکات و دەڵێت:

**ئاخ لە پاش ئەم هەموو هیجرانە بەکوێرایی ڕەقیب**

**دەمدی دەستم لە قەدی چەسپە بە میثلی کەمەرە** (دیوانی کوردی ـ ب١، ٢٠١٠، ل٥٩٢)

بەڵام ئەم ئاواتەی نەهاتووەتە دەی، نەهاتنە دیی ئەم ئاواتەشی بەهۆی ڕەقیبەوەیە، بۆیە دەڵێت:

**بە قوربانی سەگێ بێ ئەو ڕەقیبە**

**کەوا ئاشوبی یار و دیاری من بوو** (دیوانی کوردی ـ ب١، ٢٠١٠، ل ٤٤٢)

کە لەبەرامبەر ڕەقیبدا هیچی پێ ناکرێت و هەم یارەکەی لە دەست دەچێت و هەم دیارییەکەی، ئیتر وەک هەر مرۆڤێکی دەستەوسان و بێدەسەڵات دۆعا لە ڕەقیب دەکات و لە دۆعاکەیدا ئاواتەخوازە ڕەقیب بە قوربانی سەگێک بێت. لە دێڕێکی تریشدا دیسان هەر نزا لە ڕەقیب دەکات و دەڵێت:

**دەک ڕەقیب توشی بەڵایەک بی نەجاتت قەت نەبێ**

**مانیعی وەصڵ و حەیاتم بووی، حەیاتت قەت نەبێ** (دیوانی کوردی، ب٢، ٢٠١٠، ل٢٦٧)

کوردی پێیوایە ڕەقیب بووەتە ڕێگر لەبەردەم بەیەکگەیشتنی لەگەڵ یارەکەیداو نەیهێشتووە بە یەک بگەن، ئەم بەیەک نەگەیشتنەش بووەتە هۆی ئەوەی ژیانی زۆر تاڵ و ناخۆش بێت و وەک ئەوەی ژیانیشی لەدەست چوو بێت، بۆیە دۆعای ئەوە لە ڕەقیب دەکا تووشی بەڵایەکی قورس ببێت و هەرگیز لەو بەڵایە رزگاری نەبێت، بۆ ئەوەی ئەویش وەک ئەم ژیانی لە دەست بدات.

لەوەی باسمان کرد سەبارە بە ڕەقیب لای کوردی بەشێوەیەکی گشتی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ڕەقیب لە تێڕوانین و دیدی کوردیدا، وەک سەگێکی هار وایە کە پەلاماری دەدات و وا دەکات کوردی لە ترسی ئەو نەوێرێت لە یار نزیک ببێتەوەو ژیانی تاڵ و ناخۆش ببێت بە دەست ڕەقیبەوە.

### ٤. مەحوی :

مەحویش کاتێک باسی ڕەقیب دەکات بە سەگ ناوی دەهێنێت و دەڵێت:

**لە عوششاق و ڕەقیب ئەو شۆخە چاوی لوطفی وەرگێڕا**

**کە ئاسک ئادەمی یا سەگ ببینێ، غەیری سڵ چ بکا** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل١٥)

مەحوی لەم دێرەدا وای پیشان داوە، کە یار نە گرنگی بە عاشقەکان دەدا، کە مەحویش یەکێکە لەوان، نە گرنگی بە ڕەقیبیش دەدات. بەڵام وەک لە دێڕەکانی تردا دەردەکەوێت و دواتر باسیان دەکەین، چاو وەرگێڕانی یار لە مەحوی و کەسانی وەک مەحوییە (کە مەحوی بە عوششاق ناویان دەبات) نەک لە ڕەقیب. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە مەحوی لە روانگەی ئەم گرنگی پێنەدانەی یارەوە دێت خۆی و عاشقەکانی تری یار بە مرۆڤ دەچوێنێت و تێڕوانینی خۆی لەسەر ڕەقیب دەخاتەڕوو و ڕەقیب بە سەگ دەچوێنێت. لە دێڕێکی تریشدا دیسان هەر وەک سەگ سەیری ڕەقیب دەکات و دەڵێت:

**سەیری سەگ مەرگیی ڕەقیبت کە، کە غەیری ئەو سەگە**

**شیری غەمزەت شێرو بەوری ڕووبەڕوو بێ، دوو قەدە** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل٢٧٣)

یار سەیری ڕەقیبی کردووە، مەحویش ئەمەی زۆر پێ ناخۆشە کە یار سەیری ڕەقیب دەکات، بۆیە رق و کینەیەکی زۆر لە دڵی مەحویدا بەرامبەر ڕەقیب دروست دەبێت و وەک سەگ سەیری دەکات. لە دێڕێکی تریشدا دیسان هەر بە سەگ ناوی ڕەقیب دەبات و دەڵێت:

**غـروووری حوسنە فیرعەونیی بە تۆ دا**

**ڕەقیبی سەگ بە چی بوو بوو بە هامان** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل٢٤٣)

بە یار دەڵێت تۆ بەهۆی جوانییەکەتەوە لە خۆت بایی بوویت و وەک فیرعەونت لێ هاتووە لە لووت بەرزیدا، بەڵام نازانم ڕەقیب، کە وەک سەگە بە چی خۆی لێ بووە بە هامان. ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت و شاعیر ویستوویەتی بیشارێتەوە، ئەوەیە دیارە ڕەقیب زۆر لە یار نزیکەو وەک وەزیری دەستە ڕاستی یار وایە، هەر ئەم نزیکییەی ڕەقیب لە یار بووەتە هۆی ئەوەی رق و کینەکەی بەرامبەر بە ڕەقیب ئەوەندە زۆر بووە دەڵێت:

**وا دڵ بە داغم ئەز لە ڕەقیب، ئەر سەری بڕن**

**بۆ ئەکلی لـەحمی ئەو سەگە دەبمە حەنبەلی** ((دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل٣٠٧)

گەر کەسێکی زۆردار هەبێت ڕەقیب سەربڕێت، مەحوی بەوە دڵی ئاو ناخواتەوە، کە ڕەقیب تەنها سەر ببڕێت و بکوژرێت، رق و کینەکەی بەرامبەر بە ڕەقیب ئەوەندە زۆرە، دەیچوێنێت بە سەگێک کە سەربڕرابێت و ئەگەرچی کەسێتییەکی ئایینییەو بە لایەوە خواردنی گۆشتی سەگ دروست نییە، بەڵام بۆ ئەوەی گۆشتی ڕەقیبی سەگ بخوات دەبێتە حەنبەلی و واز لە مەزهەبەکەی خۆی دەهێنێت. ئەمەش لوتکەی کینەو رقلێبوونەوەیە لە ڕەقیب.

هەر بەوەندەش ناوەستێت کە ڕەقیب بە سەگ بچوێنێت، بەڵکو لە شوێنێکی تردا لە ڕێگەی ڕەفتارێکەوە، کە هی گوێدرێژەو بریتییە لە خۆ گەوزاندن لەناو خۆڵدا، هەم ڕەقیب بە کەر دەچوێنێت، هەم دەیچوێنێت بە مادەیەک، کە زۆر بێنرخ و زیانبەخشە، ئەو مادەیەش ژەنگەو دەڵێت:

**لە خاکی پاکی ئەو بەر دەرەدا گەوزا ڕەقیب، ئامان**

**دەری کە، حەیفە گورئاسن خەسارەت دا لە ئیکسیرت** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل٦٨)

(گەوزا) بۆ گوێدرێژ بەکار دەهێنرێت، کەواتە کاتێک ڕەقیب خۆی دەخاتە ناو خۆڵی بەر دەرگاکەی یار، چونکە ئەو خۆڵەی بەلاوە پیرۆزە، مەحوی ئەم حاڵەتەی ڕەقیب وەک ئەوە دەبینێت، کە گوێدرێژ لەناو خۆڵدا خۆی دەگەوزێنێت، هەر بەمەندەش ناوەستێت بەڵکو زیاتر دەڕوات و بە یار دەڵێت ڕەقیب وەک ژەنگ وایەو دەبێت لە خۆتی دوور بخەیتەوە، چونکە زیانت پێ دەگەیەنێت. لە شوێنێکی تریشدا جارێکی تر وەک ئاژەڵ سەیری ڕەقیب دەکات و دەیچوێنێت بە گا، ئەمەش لەو حاڵەتەدایە کاتێک دامەنی سەوزی یار دەبینێت، چۆن کاتێک گا گیای سەوز دەبینێت پەلاماری دەدات بۆ ئەوەی بیخوات، ئەمیش پەلاماری ئەو دامێنە سەوزەی یاری داوەو دەڵێت:

**ڕەقیب ئەو دامەنەی دی سەوزە، وەک گا لرفی بۆ هێنا**

**نـەبوو حاڵی لە لەفظی عەیبە عەیبە، تا وتم: وەح وەح** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل١٠٤)

هەر ئەم کینەیەی بەرامبەر بە ڕەقیب وای لێ دەکات لە دێڕێکی تردا ڕەقیب بە دێو دابنێت و دەڵێت:

**(حقا) لە ڕەقیب ئەو بەرو دەرگانە حەرامە**

**لەو دێوە، کە ئەم تەختی سلێمانە حەرامە** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ٢٧٤)

لەم تێڕوانینەی مەحویدا بەردەرگای یار وەک تەختی سلێمان وایە، چۆن دێو بۆی نەبووە لە تەختی سلێمان نزیک ببێتەوە، بەهەمان شێوە ڕەقیبیش نابێت و بۆی نییە لە بەردەرگای یار نزیک ببێتەوە. ئەوەی لێردا مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە مەحوی وەک دێو سەیری ڕەقیب دەکات، کە بوونەوەرێکی نەخوازراوە.

کەواتە بە گشتی ڕەقیب لە تێڕوانینی مەحویشدا کەسێکی زۆر خراپە، بۆیە لە شیعرەکانیدا زۆر ناشیرین وێنەی کێشاوەو چواندوویەتی بە چەندین گیانەوەری وەک سەگ و کەر و گاو دێو.

لە دوای باسکردنی ڕەقیب لە دیدی هەر چوار شاعیرەوە دەکرێت لێرەدا پرسیارێک بکەین، ئەویش ئەوەیە بۆچی هەر چوار شاعیر لە کاتێکدا زۆر رقیان لە ڕەقیبە، کەچی بەرانبەر بە ڕەقیب زۆر دەستەوسانن و هیچیان پێ ناکرێت بۆ نەهێشتنی ڕەقیب و بەدەستهێنانی یار؟ ئایا ڕەقیب زۆر بەهێزە، یان ئەمان زۆر لاوازن؟ لە ئەنجامی ئەوەی باسکرا سەبارەت بە هەر یەک لە شاعیر و ڕەقیب و یار، دەتوانین بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بڵێین: دەستەوسانیی هەر چوار شاعیر بەرانبەر بە ڕەقیب لەوێوە نییە ڕەقیب زۆر بەهێزە بۆیە هیچیان لەدەست نایەت بۆ دوورخستنەوەی ڕەقیب و نزیکبوونەوە لە یار و بەدەستهێنانی، بەڵکو خاڵی لاوازی شاعیرەکان ئەوەیە یار زیاتر مەیلی بەلای ئەو کەسەدا هەیە، کە ئەمان بە ڕەقیب ناوی دەبەن، واتە یار ئەوەندەی ڕەقیبی خۆش دەوێت و حەز دەکات لە ڕەقیب نزیک بێت و لەگەڵ ڕەقیب بێت، ئەوەندە شاعیری خۆش ناوێت و حەز ناکات لە شاعیر نزیک بێت و لەگەڵی بێت، ئەمە خاڵی لاوازی شاعیرەکانەو بووەتە هۆی ئەوەی دەستەوسان بن بەرانبەر بە ڕەقیب و هیچیان لەدەست نەیەت بەرانبەری. هەر ئەمەش وای کردووە هەر چوار شاعیرەکە زۆر قینیان لە ڕەقیب بووە، بەردەوام لە شیعرەکانیاندا هێرش دەکەنە سەری و بە کەسێکی خراپی دادەنێن، وەک سەگ و کەر و گاو دێو سەیری دەکەن و زۆر کاریان لەسەر ئەوە کردووە وێنەیەکی ناشیرینی ڕەقیب پیشان بدەن و رق و کینەیەکی زۆر لە دڵیاندا بەرامبەر بە ڕەقیب دروست ببێت و وەک کەسێکی بەدو خراپ پیشانی بدەن، ئەمەشیان بۆ دوو ئامانج ئەنجام داوە: یەکەم بۆ ئەوەی یار ڕەقیبی لەبەرچاو بکەوێت و لەگەڵی نەمێنێتەوەو لە خۆی دوور بخاتەوە. دووەمیش بۆ ئەوەی لەبەرچاوی خوێنەر ڕەقیب ناشیرین بکەن. ئامانجی یەکەمیان نەهاتوەتە دی و نەیانتوانیوە ئەو کەسەی بە ڕەقیب ناوی دەبەن لەبەرچاوی یاری بخەن و لای یار ناشیرینی بکەن، بەڵام تا ڕاددەیەکی زۆر توانیویانە ئەو کەسە لای خوێنەر ناشیرین بکەن و نوسەرو ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەکانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هەمان دید وتێڕوانینی شاعیرەکانەوە.

سەبارەت بەوەش کە هەر چوار شاعیرەکە ڕەقیب دەچوێنن بە سەگ و ئاژەڵ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی کلتورو بیرکردنەوەی کۆمەڵ، کە رقیان لە هەر کەسێک بوو، لە مرۆڤبوونی دەخەن و وەک ئاژەڵ سەیری دەکەن.

**ڕەقیب لە دیدی ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەکانەوە:**

ئاشکرایە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەد و فاتیحی کوڕی، بەتایبەتی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس خۆی، لەو کەسە زاناو بلیمەتانەن کە دیوانی نالی و سالم و مەحوییان ساغ کردووەتەوەو لێکدانەوەیان بۆ شیعرەکانیان کردووە، بۆیە دەکرێ ئەوان بکەینە دەستپێکی ئەو ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانەی لە میانەی لێکدانەوەی دێڕە شیعرەکانەوە دەربارەی ڕەقیب قسەیان کردووەو ناساندوویانە. زۆربەی جارەکان مەلا عەبدولکەریم بۆ لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی زاراوەی ڕەقیب، تەنها وشەی "بەدکار"ی بەکارهێناوە (بڕوانە: دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل ٨٧، ٢٢٣، ٢٨٥، ٣٧٧، ٤٠٨، ٤٧١، ٥٨٥، ٦٤١)، جارێکیش بە "بەدکارو خۆهەڵ پەسێن (دیوانی نالی، ل٣٥٢) ناوی دەبات، یان بە "بەدکاری نێوان یاران و دڵداران"ی (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل٣٢٦) داناوە. واتە لە سەرجەم ئەو دێڕە شیعرانەی دیوانەکەی نالیدا، کە ناوی

ڕەقیب هاتووەو لێکدانەوەی بۆ کراوە، زیاتر بە بەدکار لێکدراوەتەوەو ئەمەش واتای ئەوەیە مەلا عەبدولکەریم لە هەمان روانگەو دیدو تێڕوانینی شاعیرەوە لە ڕەقیبی روانیوەو بە کەسێکی بەدکار و خراپی زانیوە.

یەکێکی تر لەو پسپۆڕانەی قسەی لەسەر ڕەقیب کردووە (محەمەد نوری عارف)ە، کە دەڵێت "ڕەقیب: مەبەست دوو کەس کە یەک دلبەریان هەبێت و هەر یەکە ئەویتریان بە بەدکار و دوژمنی خۆی دادەنێت و هەمیشە دەیانەوێت کە ئاگایان لە هەڵسوکەوتی یەکتری بێت. (محەمەد نوری عارف (د.)، ٢٠٠٩، ل ٤٤٠) ئەم تێڕوانینەی لێرەدا نوسەر هەیەتی بۆ ڕەقیب، جیاوازە لە تێڕوانینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەگەرچی هەمان تێڕوانینی شاعیری تێدایە، کە ڕەقیب بە بەدکارو دوژمنی خۆی دەزانێت، بەڵام ئەوەی بۆ زیاد کردووە کە "هەر یەکە ئەوی تریان بە بەدکار و دوژمنی خۆی دادەنێت" لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت چۆن شاعیرەکە ڕەقیب بە بەدکار دەزانێت، بەهەمان شێوە ڕەقیبیش شاعیرەکە بە بەدکار و دوژمنی خۆی دەزانێت، بەڵام نوسەر ئەوەی روون نەکردووەتەوەو دیار نییە ئەو بۆچوونەی لە کوێوە هێناوە، کە ڕەقیبیش شاعیر بە بەدکار دەزانێت، چونکە لە شیعرەکاندا، لەبەر ئەوەی شیعرەکان لەلایەن خودی شاعیرەوە وتراون، تەنها شاعیر قسەکەرەو بۆچوون و تێڕوانینی خۆی لە بارەی ڕەقیبەوە دەڵێت، بەڵام ڕەقیب ڕێگەی پێ نەدراوە قسە بکات و بۆچوون و تێڕوانینی خۆی لەبارەی شاعیرەوە بڵێت. لەلایەکی ترەوە هەندێک جار شاعیر هاتووە بەناوی ڕەقیبەوە شتێکی وتووە، بۆ نمونە مەحوی دەڵێت: (ڕەقیبی سەگ حەزی بوو، کوشتمت.... ) لێرەدا شاعیر حەزێکی ڕەقیبی دەرخستووە، کە حەزی لێبووە شاعیر لەلایەن یارەوە بکوژرێت، یاریش ئەم حەزەی ڕەقیبی هێناوەتە دی. بەڵام لێرەدا باسکردنی ئەم تێڕوانینەو ئەم حەزەی شاعیر، لەلایەن شاعیرەوەیە، نەک لەلایەن خودی ڕەقیبەوە، بۆیە ناتوانین بە تەواوی لەوە دڵنیا بین، ئایا بە ڕاستی ڕەقیب حەزی لەوە بووە یاخود یار خۆی حەزی لێ بووە شاعیر بکوژێت و رزگاری بێت لێی؟

هەروەها لێکۆڵەریکی تر محەمەد مستەفا "حەمە بۆر"، لە لێکدانەوەی وشەی ڕەقیبدا دەڵێت: " ڕەقیب: مەبەستی دوژمن، بەدکارە" (محەمەد مستەفا "حەمە بۆر" ـ دیوانی کوردی، ب ١، ل ١٠٧ ) لە جێیەکی تردا بە "دژ، ناحەز، بەدخوا" (محەمەد مستەفا "حەمە بۆر" ـ دیوانی کوردی، ب١، ل ١٣٠. ب٢، ل٤٠) لێکی دەداتەوە، لە جێیەکی تردا بە "نەیار" (محەمەد مستەفا "حەمە بۆر" ـ دیوانی کوردی، ب١، ٢٦٧. ب٢، ل٤٠). لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "ڕەقیب: دژ، ناکەس، ناحەز، خرابکارو ئەوی بە مەرایی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی (کوردی) نزیک کردووەتەوەو دژی (کوردی)یەو نەیارە" (محەمەد مستەفا "حەمە بۆر" ـ دیوانی کوردی، ب٢ ، ل ١١٠). لە کۆی تێڕوانینەکانی ئەم لێکۆڵەرەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بە دوو واتا ڕەقیبی لێکداوەتەوە، یەکێکیان واتای کەسێکی خراپ و بەدە، واتاکەی تریان لە هەمان تێڕوانینی شاعیرەوەیەو گوایە خۆی لە خۆشەویستەکەی کوردی نزیک کردووەتەوە.

لێکۆڵەرێکی تر سەبارەت بە ڕەقیب دەڵێت: "شاعیران زۆر بە تەوژم و هەڵچوون و تووڕەیی و کارتێکردنەوە، باسی (ڕەقیب)یان کردووە، چونکە دوژمنی دیاردەیەکە لە ناخ و ویژدان و دەروون و دڵ و سۆزی شاعیردا هەیە، ئەویش خۆشەویستییەکە، کە داینەمۆی ژیانە.... ...ڕەقیب لە شیعری شاعیراندا جێگەیەکی زۆر نەگەتیڤی گرتووە" (حسین محمود علی کەلاری، ٢٠٠٤، ل ٩ ـ ١٠) ئەم بۆچوونەی حسێن مەحمود لەسەر ڕەقیب لە میانەی توێژینەوەیەکدایە، کە لەسەر ڕەقیب لای شاعیرانی کورد ئەنجامی داوە، لێکۆڵەر کاتێک لە توێژینەوەکەیدا باسی ڕەقیب دەکات، لە هەمان تێڕوانین و گۆشەنیگای شاعیرەکانەوە لە ڕەقیب دەدوێت و وەک ئەوان باسی دەکات و لەو بڕوایەدایە ڕەقیب لە شیعری شاعیرەکاندا جێگەیەکی زۆر نەگەتیڤی گرتووە، بەم پێیە ئەم لێکۆڵەرەش لە کۆی توێژینەوەکەیدا جگە لە

تێڕوانینی شاعیرەکان لەسەر ڕەقیب، هیچ تێڕوانینێکی تایبەت و جیاوازی نەبووەو دەقاو دەق وەک ئەوان باسی ڕەقیبی کردووە.

**ڕەقیب وەک خۆی لە دیدی یارەوە**

لێرەدا ئێمە لە میانەی ئەو دێڕەشیعرانەی شاعیرەکانەوە، کە تیایاندا باسی ڕەقیبیان کردووەو باسکردنەکەیان زیاتر لە گۆشەنیگاو تێڕوانینی یارەوەیە، حەقیقەتی کەسێتیی ڕەقیب باس دەکەین، وەک ئەوەی هەیە، نەک وەک ئەوەی شاعیر ویستوویەتی وێنەی بکێشێت.

**١. نالی:**

ئەگەر بە وردی سەیری ئەو دێڕە شیعرانەی نالی بکەین، کە تیایاندا وشەی ڕەقیب هاتووە، دەبینین لە هەندێک لەو دێڕانەدا شاعیر گلەیی لە یار دەکات، کە نێوانی لەگەڵ ڕەقیب خۆشەو گرنگیی پێ دەدات، لە بەرامبەردا ئەمی پشتگوێ خستووە، بۆ نمونە دەڵێت:.

**ڕەققێتیی تەن و ریققەتی دڵ، روقبەتی تاعەت**

**مەخصوصی ڕەقیب، بۆ لە منی خەستە رقی بوو** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل ٣٧٧)

ڕەقێتی لەش و ئامادەیی و بەرگەگرتنی هەڵگرتنی هەر بارێک و ناسکیی دڵ و ملکەچی و بەگوێکردنی هەرچی بویستریێ، هەمووی لە مندا کۆبوونەتەوە. ئیتر نازانم ڕەقیب بۆچی لەناو هەموو دڵدارانی یاردا بەتایبەتی رقی لە منی خەستە بوو؟ (دیوانی نالی، ل٣٧٧) ئەمە لێکدانەوەی م.عەبدولکەریمی مودەڕیسە بۆ ئەم دێڕە شیعرە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ دێڕەکانی تری ئەم شیعرەو کۆی سیاقەکە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم لێکدانەوەیە پڕ بە پێستی ئەو دێڕە نییەو مەبەستە سەرەکییەکەی نەپێکاوە، لەم دێڕەدا شاعیر و ڕەقیب ئامادەییان هەیە، بەڵام یار لە دێڕەکەدا ئامادەیی نییەو کەسی سێهەمی نادیارە، لێکدەرەوەش لەبەر ئەوەی ئەم دێڕەی لە سیاقی شیعرەکە دابڕیوەو بە تەنها لێکدانەوەی بۆ کردووە، لێکدانەوەکەی پەیوەست کردووە بەم دوو کەسەوە، واتە بە شاعیر و ڕەقیبەوەو باسی یاری نەکردووە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین بە گەڕانەوە بۆ دێڕە شیعرەکانی تری ئەم شیعرەو بەپێی سیاقەکە مەبەستە سەرەکییەکە بدۆزینەوە. نالی لە بەیتی یەکەمی ئەو شیعرەدا دەڵێت :

**دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی، فەرەقی بوو**

**مەکسوری رقی بەو دڵی وەک بەردی ڕەقی بوو** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل ٣٧٥)

دڵ وەک شوشەیەکی پڕ خوێنی دابڕان و فیراقەو وەک شووشە شکاوەو تەقیوە، ئەم دڵە، شکاوی رق و کینەی دڵە وەک بەرد ڕەقەکەی یارە. لێرەدا باسی دڵڕەقی و قین و دابڕانی یاری کردووە لە خۆی. بۆیە واتای دێڕەکەی پێشووش بەم جۆرەی لێ دێت، نەک بەو جۆرەی لە دیوانەکەدا لێک دراوەتەوەو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە:

بەرگەگرتنی جەستەیی و نەرمیی دڵ و گەردن کەچی یار تایبەتن بە ڕەقیب، ناشزانم بۆچی رقی لە منی بیمار دەبێتەوە؟ کەواتە بەشی شاعیر تەنها رق لێ بوونەوەیە لەلایەن یارەوە، بەشی ڕەقیبیش بەرگەگرتنی جەستەیی و دڵنەرمی و گەردن کەچیی یارە بۆی. لێرەدا ئەوەی لەلایەن یارەوە خۆشویستراوە ڕەقیبە نەک شاعیر، بۆیە شاعیر کە خۆی بە خۆشەویستی یار دادەنێت، لە ئەسڵدا ئەو ڕەقیبەو ڕەقیبیش خۆشەویستی یارەو یار ئامادەی هەموو نەرمی نواندنێکە بەرامبەر بەو خۆشەویستە، کە لای شاعیر بە ڕەقیب ناوبراوە. ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت ئەو دوو بەیتەی کۆتایی ئەم شیعرەیە کە شاعیر تیایاندا دەڵێت:

**تــا پێ نـەکـەنـی گـــوڵ بە دەم بادی صەباوە**

**نەمگوت: کە شەوێ بولبولی بێچارە حەقی بوو**

**"نـــالی" لــە هــەوا کەوتە سەما، بوو بە شانەوەر**

**بــەو وشکــە مـەلـە بـیـمـی هـیـلاکی غەرەقی بوو** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل٣٧٨)

واتە بولبول ناحەقی نەبوو شەو بە کوڵ دەینالاند، چونکە گوڵ بەدەم بای سەباوە پێکەنی نەک بەدەم بولبولەوە، لێرەدا بولبول نالییەو بادی سەباش رەقیبە، بولبول (نالی) خۆی بە عاشقی یار دەزانێت، بەڵام یار بەدەم بای سەباوە (رەقیب) پێ دەکەنێت، واتە مەیلی بەلای بای سەبا (رەقیب)دا هەیە. ئیتر بۆیە لە دێڕەکەی دواتردا نالی خۆی وا دەبینێت، کە لە هەوادا کەوتووەتە مەلەو بووە بە مەلەوان و وشکە مەلە دەکات، کەچی ترسی ئەوەی هەیە بخنکێت. لێرەدا مەلەکردنەکە عاشقبوون دەگەیەنێت، بەڵام عاشقبوونەکە لە وشکییەو جێی خۆی نەگرتووە، چونکە ئەو (یار)ەی ئەم عاشقی بووەو دەیەوێت لە دەریای عەشقیدا مەلە بکات، بووە بە دەریا بۆ رەقیب و رەقیب لە دەریای عەشقەکەیدا مەلە دەکات. لێرەدا ئەگەر گۆشەنیگای تێڕوانینمان بگۆڕین و لە روانگەی یارەوە سەیری عاشق و رەقیب بکەین نەک لە روانگەی شاعیرەوە، ئەوا کەسەکان بەم جۆرە دەردەکەون: رەقیب عاشقە راستەقینەکەی یارەو یاریش خۆی بە مەعشووقی ئەو دەزانێت نەک نالی، بەم پێیە شوێنگەی هەر یەک لە رەقیب و عاشق (کە شاعیر خۆی بەم دادەنێت) پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوەی رەقیبە، شاعیرە نەک ئەو کەسەی تر، کە شاعیر بە رەقیبی دادەنێت، ئەوەیشی عاشقە، ئەو کەسەیە کە شاعیر بە رەقیبی داناوە، نەک شاعیر.

لەم دێرە شیعرەدا هەر سێ کەسێتییەکە (یار، شاعیر، رەقیب) ئامادەییان هەیە: (یار) بە راناوی کەسی سێهەمی نائامادە ئاماژەی پێکراوە، (شاعیر) بە راناوی کەسی یەکەمی تاک ئاماژەی پێکراوە، (رەقیب) ناوەکەی وەک خۆی هاتووە:

**دەچێ بۆ لای رەقیب خۆشە وەلێ ئەو داخە کوشتوومی**

**لـــە کن ئەو چەندە مەجبورە، لەلای من چەندە مەغرورە** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل٤٠٨)

لێرەدا شاعیر بە ڕوونی تێڕوانین و هەڵوێستی یاری بەرامبەر بە خۆی و بەرامبەر بە رەقیب خستووەتە ڕوو: یار دەچێت بۆ لای رەقیب، ئەگەرچی ئەمە بۆ نالی شتێکی ناخۆشە، بەڵام لەچاو ئەو هەموو ملکەچی و مەجبووریەی لەبەردەم رەقیبدا هەیەتی و ئەو هەموو لە خۆبایی و مەغرورییەی بەرامبەر بەم هەیەتی، ئەو چوونەی یار بۆ لای رەقیب لای شاعیر دەبێتە شتێکی خۆش. کە یار دەشچێت بۆ لای رەقیب، لەگەڵ رەقیب یاری دەکەن و بەزم دەگێڕن، نالیش ئەمەی زۆر پێ ناخۆشەو دەڵێت:

**قەصدی یاریتە لە کن بەزمی رەقیب**

**یاری من! خۆت مەکە بەدخو بە عەبەث** (دیوانی نالی، ١٩٧٦، ل ١٥٦)

شاعیر تێڕوانینێکی زۆر نەرێنیی هەیە بۆ رەقیب و بە کەسێکی خراپ و بەدخوی دادەنێت، بۆیە کاتێک دەبینێت یار لەگەڵ رەقیبدایەو یاری و بەزم دەکەن پێکەوە، پێی ناخۆشەو داوا لە یار دەکات بە نزیکبوونەوەو یاریکردن لەگەڵ رەقیب بەدخو دەبێت و داوای لێ دەکات خۆی بەدخو نەکات. لێرەدا تێڕوانینی نالی بۆ یار دەردەکەوێت، کە تێڕوانینێکە تیایدا وا سەیری یار دەکات کە باش و خراپی خۆی نازانێت و ئەم رێگەی بۆ دیاری دەکات، بێگومان ئەمەش بە کەم سەیرکردنی یارە.

**٢. سالم:**

لە زۆر دێڕە شیعری سالمیشدا ئەوە بەدی دەکرێت، یار و ئەو کەسەی ئەم بە رەقیب ناوی دەبات نێوانیان خۆشە، بۆ نمونە لەم سێ دێرە شیعرەدا دەڵێت:

**فیراق حەڵوایی وەصڵی کرد بە صەفرا**
**فەرامۆشم بووە نۆشت لەتاو نێش**
**لە ڕوو گەرمیی و دڵ سەردیت مەلوول نیم**
**دەکەم شوکرت بە ئینعامی کەم و بێش**
**تەماشاکەم لە وەضعی بەزمی دڵبەر**
**رەقیب بێ غائیلەو "سالم" بە ئەندێش** (دیوانی سالم، ب.س.چ، ل٣٩١)

لەم سێ دێڕەدا شاعیر زۆر بە روونی باروذۆخ و حاڵەتی خۆی و رەقیب و یاری خستووەتەڕوو و بە وردی باسی کردووە. باسی حاڵی خۆی دەکات کە لەگەڵ یار لە حاڵەتی فیراق و دابڕاندایەو لەیەک دوورن، ئەم دابڕان و دوورییەش بووەتە مایەی ئێش و ئازار بۆی و هەموو خۆشی و شیرینییەکانی ژیانی لێ تاڵ کردووە، ئەم حاڵەتی دابڕان و دوورییەش فیزیکی نییە، چونکە لە دێری دواتردا باسی ئەوە دەکات یار بەرامبەر بەم هەم رووی گرژەو هەم دڵی ساردە، کەواتە دابڕان و دوورییەکە مەعەنەوییە نەک فیزیکی، شاعیر بەرامبەر بە یار ئەوەندە ملکەچ و زەلیل و دەستەوسانە بەو رووگژی و دڵ ساردییەی رازییەو پێی بێتاقەت نییە و سوپاسگوزارە، بەڵام ئەوەی مایەی غەم و خەفەت و ئازارە بۆی ئەوەیە دەبینێت یار بەرامبەر بەم دڵ سارد و روو گرژە، کەچی لەگەڵ رەقیبدا زۆر تەبایەو خەریکی بەزم و کەیف و خۆشییە لەگەڵی، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی رەقیب دڵی خۆشەو کەسێکی بێ غەم و خەفەتە، لەولاوەش سالم بووەتە کەسێکی دڵ پڕ ئەندێشەو غەم و خەفەت. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە تێڕوانینی یارە لەو کەسەی سالم بە رەقیب ناوی دەبات، یار بە چاوی خۆشەویستییەوە لەو کەسە دەڕوانێت و لەگەڵی تەبایەو خەریکی بەزم و کەیف و خۆشییە لەگەڵی، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم کەسە لە روانگەی یارەوە نەک هەر رەقیب و ناحەزو بەد نییە، بەڵکو کەسێکی زۆر خۆشەویستە لای یار. تەنانەت شاعیر هەستی بەوە کردووە یار مەیلی بەلای رەقیبدا هەیەو دەڵێت:

**وا لە دڵیا، صەنەم، مەیلی رەقیب**
**حەیفە وەسواسەیی شەیطانی هەیە** (دیوانی سالم، ب.س.چ، ل٨٦٨)

ئەم مەیلەی یار بۆ رەقیب بەلای شاعیرەوە مایەی داخە، چونکە لە تێڕوانینی ئەمدا رەقیب وەک شەیتان وایەو مایەی داخە بە لایەوە کە یار شەیتانی خستووەتە دڵی خۆیەوە. لێرەدا بە ڕوونی ئەوە دیارە دانانی رەقیب بە شەیتان تێڕوانینی شاعیرە بۆ رەقیب نەک تێڕوانینی یار، چونکە ئەگەر لای یاریش رەقیب کەسێکی بەدو خراپ بووایەو وەک شەیتان سەیری بکردایە، بە دڵنیاییەوە مەیلی ئەوی لە دڵدا نەدەبوو، کەواتە لای یار رەقیب نەک هەر کەسێکی خراپ نییە، بەڵکو کەسێکی خۆشەویستەو لە دڵەوە مەیلی هەیە بۆی، بەڵام شاعیر هەر سوورە لەسەر هەڵوێستی خۆی لە دژایەتیکردنی رەقیبداو دەڵێت:

**دڵی ئیسقاطیی مەعیووبی رەقیبم بکە رەد**
**لە سەقیم لابدە، بێ، قەلبی سەلیمت بدەمێ** (دیوانی سالم، ب.س.چ، ل١٠١٥)

ڕوو دەکاتە یار و پێی دەڵێت دڵی عەیبدارو نەخۆشی ڕەقیب ڕەت بکەرەوەو پەسەندی مەکەو خۆت لابدە لێی، ڕوو بکەرە من و وەرە من دڵێکی ساغ و سەلیمت بدەمێ. لێرەدا خۆپەسەندیی شاعیر دەردەکەوێت، کە تەنها خۆی دەبینێت و حساب بۆ هەست و ویستەکانی خۆی دەکات و هیچ گوێ بە هەست و ویستی یار نادات، کە دڵی ڕەقیبی پەسەند کردووەو بەرەو ڕووی ئەو چووە.

**٣. کوردی**

تێڕوانینی یار بۆ ڕەقیب لە شیعرەکانی کوردیدا، زۆر بە ڕوونی لەم شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

**هات بە عەییاری دڵی لێم ساندو ئێستەش پێم دەڵێ**
**من لە کوێ تۆم دیوە هەی پەتیارە لاچۆ لێرە، سا**
**دێم دەچم بیبینم ئەو دەڕوا بە یارانی دەڵی**
**کەس سڵاوی لێ نەکا، دوور بێ لە جەمعی ئێمە با**
**ئەز دەڵێم قوربان دەڵێ: من صاحب الصوت الكريه**
**غەیر کە بانگی دەکا، دەڵێ: لبیک یا خیر الندا**
**گەر ڕەقیب لالووت ئیشارێکی بکا گاهێ لە دوور**
**هەڵدەسێ چەسپان بەسەر شانیا دەدا جەڵدی عەبا** (دیوانی کوردی، ٢٠١٠، ل٥١)

یار هاتووەتە ئەو شوێنەی کە کوردیی لێ بووە، کوردیش هەر بە بینینی عاشقی بووە، کوردی بە دەستەواژەی (دڵی لێم ساند) گوزارشتی لەم عاشقبوونەی بە یار کردووە، ئەم دەربڕینەی کوردی ئەوە دەگەیەنێت یار دڵی لە کوردی سەندووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە یار ئاگای لە کوردی نەبووەو کوردی یەک لایەنە عاشقی بووەو دڵی خۆی دۆڕاندووە پێی، بۆیەش دەڵێین دڵی خۆی دۆڕاندووە پێی، چونکە دیارە دواتر باسی ئەم (دڵ لێ سەندن)ەی بۆ یار کردووە، یاریش پێی گوتووە من تۆم نەدیوەو بە کەسێکی پەتیارە ناوی بردووەو داوای لێ دەکات بڕوات و لەو ناوە نەمێنێت. لە دێڕی دواتردا دەڵێت:

دێم دەچم بیبینم ئەو دەڕوا بە یارانی دەڵی
کەس سڵاوی لێ نەکا، دوور بێ لە جەمعی ئێمە با

دیارە کوردی دواتریش هەر وازی نەهێناوەو چووە بیبینێت، بەڵام ئەو بە دۆست و هاوڕێ و یاوەرەکانی وتووە سڵاوی لێ نەکەن، واتە گرنگیی پێ نەدەن و پشتگوێی بخەن، بۆ ئەوەی لێیان دوور بکەوێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە یار نەک هەر کوردیی خۆش ناوێت، بەڵکو لە بینینیشی بێزارەو دەیەوێت دوور بێت لێی. لە دێڕی دواتردا دەڵێت:

**ئەز دەڵێم قوربان دەڵێ: من صاحب الصوت الكريه**
**غەیر کە بانگی دەکا، دەڵێ: لبیک یا خیر الندا**

کوردی بە (قوربان) بانگی یار دەکات، کەچی یار حەز ناکات کوردی بانگی بکات و دەنگی کوردی لە گوێی یاردا ناخۆشە، بۆیە دەڵێت کێ خاوەنی ئەو دەنگە ناخۆشەیە؟ بەڵام کاتێک جگە لە کوردی هەر کەسێکی تر بانگی دەکات،

وەڵامی ئەو کەسەی تر دەداتەوەو بە گەرمی بەرەو پیری دەچێت. ئەمەش دیسانەوە ئەوە دەگەیەنێت یار بەهیچ جۆرێک چارەی کوردیی ناوێت، کەچی بۆ رەقیب بە جۆرێکی ترە:

**گەر رەقیب لالووت ئیشارێکی بکا گاهێ لە دوور**

**هەڵدەسێ چەسپان بەسەر شانیا دەدا جەڵدی عەبا** (دیوانی کوردی، ٢٠١٠، ل٥١)

ئەو کەسەی کوردی بە رەقیب ناوی دەبات، گەر هەر بە لالوتێکەوە لە دوورەوە ئاماژەیەک بە یار بدات، ئەوا یار ئەوەندە رەقیبی خۆش دەوێت و دڵی پێی دەکرێتەوەو حەز دەکات لە نزیکی بێت، یەکسەر بەو ئاماژەیەی رەقیب لەجێی خۆی هەڵدەستێت و عەباکەی دەدات بەسەر شانیداو دەچێت بۆ لای رەقیب. لەم دێڕە شیعرەی شاعیرەوە ئەوە دەردەکەوێت یار رەقیبی خۆش دەوێت و لە دێڕەکانی پێشووتریشدا ئەوە دەردەکەوێت چارەی کوردیی ناوێت. کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت یار و ئەو کەسەی "کوردی" بە رەقیب ناوی دەبات خۆشەویستی یەکترن و ئەوەی بووەتە رەقیب لەو نێوانەدا کوردییە، کە وەک لە دێڕەکانی پێشتردا دەرکەوت ویستوویەتی یار لەگەڵ ئەم پەیوەندیی هەبێت، بەڵام یار وەڵامدانەوەی نەبووە بۆی. لەم دێڕەشدا زیاتر ئەوە دەردەکەوێت کە یار چۆن لە هەر یەکە لە شاعیر و رەقیب دەڕوانێت:

**مەجمەعی عوششاق دەڕەنجێنیت و دەشزانی رەقیب**

**بەچچە گورگێکە، کەویی نابێت و شەڕ ئینشادەکەی** (دیوانی کوردی، ٢٠١٠، ل ٢٧٠)

لەم دێڕەدا شاعیر دوو بەرەی جیاکردووەتەوە، خۆی لە ریزی ئەو کەسانەدا داناوە، کە عاشقی یارن، رەقیبیش لە بەرامبەر خۆیاندا دادەنێت، یاریش لە نێوان ئەو دووانەدا بەرەی رەقیب دەگرێت و مەیل بەو دەدات و دڵی ئەوانە دەڕەنجێنێت کە شاعیر بە عاشقەکان ناوی بردوون، لێرەدا رەقیب لەلایەن شاعیرەوە بە بێچوە گورگ ناوی براوەو واش پیشان دەدات یاریش دەزانێت رەقیب بێچوە گورگە، بەڵام لە روانگەی یارەوە مەسەلەکە بەو جۆرە نییەو تەنها لە روانگەی شاعیرەوە خۆی و کەسەکانی تر بەرەی عاشقەکانن و رەقیب بێچوە گورگە، بەڵام لە روانگەی یارەوە ئەو کەسە نەک هەر بێچوە گورگ نییە، بەڵکو ئەو کەسە عاشقەکەیەو شاعیر لە روانگەی خۆیەوە بە رەقیب ناوی بردووە. بەڵام کوردی بەمە رازی نابێت، کە یار وەڵامی ئەم خۆشەویستییەی ئەم ناداتەوەو لەگەڵ ئەو کەسەی تردایە، کە ئەم بە رەقیب ناوی دەبات، ئیتر کوردی دەبێتە رەقیبی نێوان یار و خۆشەویستەکەی، وەک لەم دێڕەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

**دەریشم کەیت و سەد هێندەش رەقیبم لێ لە کارا بێ**

**غولامی حەڵقە دەر گۆشم، دەبێ دەربارى دەرگا بم** (دیوانی کوردی، ٢٠١٠، ل٢٨٤)

یار دەیەوێت شاعیر دەربکات و دووری بخاتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسودەیی لەگەڵ رەقیبدا بێت، خۆشەویستەکەی یاریش، کە شاعیر بە رەقیب ناوی دەبات، کاتێک بینیویەتی شاعیر لێیان بووە بە رەقیب، بەرامبەر بە شاعیر دەستەوسان رانەوەستاوەو لە کاردا بووە بۆ ئەوەی شاعیر دوور بخاتەوە، کە بووەتە رەقیب لێیان و دەیەوێت بەختەوەرییان تێک بدات. بەڵام کوردی دەڵێت تۆ دەرم بکەیت و رەقیبیش لە کاردا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم دەرکردنە، من هەر خۆم بە کەسێکی حەڵقە لە گوێی تۆ دەزانم و دەبێت خزمەتکاری بەر دەرگاکەی تۆ بم. ئەمەش ئەو پەڕی خۆ بچووک کردنەوەی شاعیرە بەرامبەر بە یارێک، کە ئەمی خۆش ناوێت و کەسێکی تری خۆش دەوێت.

**خۆشە بۆ تیری موژەی، دڵ بە هەدەف کەی (کوردی)**

**کەچی بۆ چارە ڕەشی، شیری رەقیبم لەسەرە** (دیوانی کوردی، ٢٠١٠، ل٥٩٢)

کوردی پێی خۆشە دڵی خۆی بکاتە نیشانە بۆ برژانگی یار، واتە دەیەوێت یار بە چاوی خۆشەویستییەوەو وەک خۆشەویستێک سەیری ئەم بکات، بەڵام هەر خۆی دەڵێت لە چارە رەشیی مندا، لە بری تیری برژانگی یار شمشێری رەقیبم لێ دیارە. لێرەدا وای دادەنێت ئەوە رەقیبە کەوتووەتە نێوان ئەم یارەوەو شمشێری لەم گرتووە بە دەستەوەو بووەتە هەڕەشە بۆی و لە یار دووی دەخاتەوە، بەڵام وەک لە دێرەکانی پێشتردا دەرکەوت، ئەو کەسەی کوردی بە رەقیبی دادەنێت، خۆشەویستەکەی یارەو دەزانێت یار چارەی کوردیی ناوێت و دەیەوێت دوور بێت بۆیە ئەو کەسەش ئەم ویستەی یارەکەی دەهێنێتە دی و شمشێری لە کوردی گرتووە بە دەستەوەو هەوڵی دوورخستنەوەی دەدات.

٤. مەحوی:

لە زۆر دێڕە شیعری مەحویشدا گۆشەنیگاو تێڕوانینی یار بەرامبەر ئەو کەسە دەردەکەوێت، کە شاعیر بە رەقیب ناوی دەبات، بۆ نمونە لەم دوو دێڕەدا مەحوی ویستوویەتی لە گۆشەنیگای خۆیەوە تێڕوانینی یار بۆ رەقیب پیشان بدات:

**رەقیبت دەرکە ئەم بەر دەرکە پیسە پاک ئەکا، فەرمووی:**
**کــە بــەم بــەر قــاپییە لازم سـەگێکی وایە بۆ بڕوا** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل٣٦)
**لـــە حینی بـوونـی رەقیبا وتم: کــە حــەیفە جنێو**
**وتـــی: چ حــەیفە. دڵی ئــەو سـەگــەش بــا بێ خۆش** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل١٥٣)

لە هەردوو دێڕەکەدا مەحوی و یار و رەقیب ئامادەن، بەڵام شاعیر قسەکەرەو گۆشەنیگای خۆی بەسەر کەسەکانی تردا دەسەپێنێت و بە سەگ ناوی رەقیب دەبات. لە دێڕی یەکەمدا رەقیب لە بەردەرگای یاردایە، مەحویش وەک سەگ سەیری رەقیب دەکات و پێی ناخۆشە لەوێیەو داوا لە یار دەکات رەقیب دەربکات لە بەردەرگاکەی خۆیدا، یاریش بەم داوایەی مەحوی رازی نەبووەو دەیەوێت رەقیب هەر لەوێ بمێنێتەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە یار هەمان تێڕوانینی مەحویی نییە بەرامبەر بە رەقیب و نایەوێت لەو ناوە بڕوات و حەز دەکات بمێنێتەوە. بەڵام مەحوی لە گۆشەنیگاو تێڕوانینی خۆیەوە وەڵامەکەی یار دەردەبڕێت و دەڵێت یار فەرموویەتی ئەم بەردەرگایە پێویستی بە سەگێکی وایە، بەڵام لە راستیدا ئەو تێڕوانینە تێڕوانینی مەحوییە، کە وەک سەگ سەیری رەقیب دەکات و یار وەکو مەحوی سەیری رەقیب ناکات بۆیە دەیەوێت نەڕوات و لەو ناوە بمێنێت.

لە دێڕی دووەمیشدا یار لەبەرچاوی رەقیبدا جنێوی بە مەحوی داوە، مەحویش ئەمەی پێناخۆشەو بە یار دەڵێت کاتێک رەقیب ئامادەیە، حەیفە تۆ جنێو بە من دەدەی، بەڵام یار دەڵێت حەیف نییەو من دەمەوێت بەم جنێودانەم بە تۆ، دڵی رەقیب خۆش بکەم، بەڵام مەحوی لەبەر ئەوەی لە شیعرەکەدا خۆی قسەکەرە لە روانگەو تێڕوانینی خۆیەوە، کە وەک سەگ سەیری رەقیب دەکات، دەڵێت یار وتویەتی با دڵی ئەو سەگە خۆش بێت. لە راستیدا تێڕوانین لە رەقیب وەک سەگ تێڕوانینی مەحوییە نەک یار، بەڵام جنێودان بە مەحوی و دڵخۆشکردنی رەقیب ئەمە تێڕوانین و کردەی یارە.

لە هەردوو دێڕەکەوە ئەوە دەردەکەوێت رەقیب بە لای یارەوە گرنگە، جگە لەوەی نایەوێت لەو ناوە بڕوات و لێی دوور بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی دڵیشی خۆش بکات لەبەر چاوی ئەودا جنێو بە مەحوی دەدات. تەنانەت یار هەر بەوەندە نەوەستاوە، بەڵکو ئەو کاتەی رەقیب حەزی لەوەیە یار مەحوی بکوژێت، یار ئەم حەزەی رەقیب دێنێتە دی:

**رەقیبی سەگ حەزی بوو کوشتمت بڕوانە چۆنی بۆم**

**دوعـا بـۆ دەست و تێغت من دەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، ل٧٦)

لێرەشدا دیسان مەحوی لە روانگەو تێڕوانینی خۆیەوە باسی ئەو رووداوی کوشتنەی خۆی دەکات، کە لەسەر داواو حەزی رەقیب بە دەستی یار دەکوژرێت، لە کـاتی گێـڕانەوەو باسکردنی رووداوەکە بە رەقیبـی سـەگ نـاوی دەبـات، لە کاتێکدا یـار ئەوەنـدە رەقیبـی بەلاوە گـرنگە، ئەو حەزەی بـۆ دێنێـتە دی کە کوشـتنی مەحـوییە، کەواتە نـاوبردنی بە (رەقیبی سەگ) تەنها تێڕوانینی مەحوییە بۆ رەقیب نەک تێڕوانینـی یـار. لە هێنـانەدیی ئـاواتەکەی رەقیبیـش لەلایەن یارەوە، کە کوشتنی مەحوییە، ئەوە دەردەکەوێت کە رەقیب لای یار پێگەیەکی گەورەی هەیەو ئەوەندە خۆشەویستە لای یـار، هەر حەزێکـی هەبێـت، تەنـانەت ئەگەر ئەو حەزە کوشـتنی کەسـێکی تـریش بێـت کە خـۆی بە عاشـقی یـار دەزانێت، یار ئامادەیە بـۆی بهێنێـتە دی. لێـرەدا مەحـوی ئەوەی پـێ ناخۆشـە یـار بـۆ هێنـانەدیی حەزی رەقیـب ئەمـی کوشتوە، بەڵام گەر بێت و رەقیب لەم مەسەلەی کوشتنەدا نەبێت، ئەوا مەحوی پێی خۆشە بەدەستی یـار بکوژرێـت و ئاواتەخوازی ئەم کوشتنەیە وەک لەم دێرەدا دەردەکەوێت:

**پەکی تێدا رەقیب ئەو شۆخە کوشتنمی کە لێ پرسی**

**ئیرادەی کـاری خێر ئەڵبەتتە شەیتانی لە فەک دەدوێ** (دیوانی مەحوی، ١٩٨٤،ل٣١٤ )

کاتێک ئەو کەسەی شاعیر بە رەقیب ناوی دەبات حەزی لەوەیە یـار مەحـوی بکوژێـت، یـار ئەم حەزەی دێنێـتە دی، بەڵام ئەو کاتەی خودی مەحوی حەزی لەوەیە یار بیکوژێـت، یـار بـۆ ئەنجامـدانی ئەم کوشـتنە کە بە حەزی مەحـوییە پرس بەو کەسەی تر دەکات کە مەحوی بە رەقیب ناوی دەبات، ئەو کەسەش دەبێـتە هـۆی پەکخسـتنی ئەم کوشـتنەی مەحوی بەدەستی یار. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەوەی مەحوی بە رەقیب نـاوی دەبـات دڵخـوازی یـارەو یـار ئامـادەیە هەموو حەزەکانی بۆ بهێنێتە دی.

* لەم پێنج ئایەتەدا هاتووە:

- "يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا" سورة النساء1:

- "مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ" سورة المائدة117:

- "ويا قوم اعملوا على مكانتكم إني عامل سوف تعلمون من يأتيه عذاب يخزيه و من هو كاذب وارتقبوا إني معكم رقيب" سورة الهود، ٩٣

"ما يلفظ من قول إلا لديه رقيب عتيد"، سورة ق، ٨.

"لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِنْ بَعْدُ وَلَا أَنْ تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ رَقِيبًا" سورة الأحزاب52:

**ئەنجام:**

١. زاراوەی ڕەقیب لە شیعری زۆربەی شاعیرانی کلاسیکیدا هاتووە، بەتایبەتی ئەم چوار شاعیرەی باسمان کردن بە ڕێژەیەکی زۆر ئەم زاراوەیان بەکار هێناوە. بۆیە ڕەقیب بووەتە پێکهێنەری سیانەی (یار ـ شاعیر ـ ڕەقیب) لە شیعرەکانیاندا، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:




٢. لە شیعرەکاندا لەبەر ئەوەی شاعیر قسەکەرە، هەمیشە خۆی لە لوتکەدا داناوەو یاری لە دوای خۆی داناوە، کە دەیەوێت لە هەموو شتەکاندا بە گوێی بکات، ڕەقیبیشی لە پەراوێزدا داناوەو بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە بە ناشیرینی پیشانی بدات و وا لە یار بکات فەرامۆشی بکات. بەڵام لە بنەماداو وەک لە خشتەکەدا خستوومانەتە ڕوو یار کەسە سەرەکییەکەیەو لە لوتکەی هەرەمەکەدایە، ڕەقیب لە دوای یار دێت و شاعیر لە کۆتایدایە.

٣. یار هەمیشە لەگەڵ ڕەقیبدا نێوانی خۆشەو لەگەڵ شاعیردا نێوانیان ناخۆشە. یار ڕەقیبی خۆش دەوێت و ڕقی لە شاعیرە، وەک لەم خشتەیەدا روونتر کراوەتەوە:




وەک لە هێڵکارییەکەدا روون کراوەتەوە هەر یەکە لە (یار) و (ڕەقیب) ڕوویان لە یەکترەو نێوانیان خۆشەو بەرەو ئاڕاستەی یەک دەڕۆن، بەڵام هیچ کامیان ڕوویان لە شاعیر نییەو بەرەو ئاڕاستەی ئەو ناڕۆن و ڕووی تێ ناکەن، بەتایبەتی یار وەک لە خودی شیعرەکانی شاعیرەوە دەردەکەوێت حەزی بە چارەی شاعیر نییەو نایەوێت لەگەڵ شاعیر بێت و بیبینێت و هەمیشە شاعیر لە خۆی دوور دەخاتەوە. کەچی لەو لاوە شاعیر ڕووی لە هەردووکیانە، هەم ڕووی لە ڕەقیبە، هەم ڕووی لە یارە. ڕووکردنە ڕەقیبی بۆ دژایەتی و ناشیرین پیشاندانی ڕەقیبە، ڕووکردنە یاریشی بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و ملکەچ بوونیەتی بۆ یار. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەو کەسەی شاعیر بە ڕەقیب ناوی دەبات، لە ئەسڵدا خۆشەویستیەکەی یارەو ڕەقیب نییە، یاریش ئەوی خۆش دەوێت نەک شاعیر، کەواتە ئەوەی لێرەدا ڕەقیبی ڕاستەقینەیە شاعیرە، کە چاودێری هەردووکیان دەکات و بووەتە ناحەزی ئەو کەسەی کە یار خۆشی دەوێت.

**سەرچاوەکان:**

١. قورئانی پیرۆز.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

٢. حسین محمود علی کەلاری، ڕەهەندەکانی ڕەقیب و پەیمان و بەڵێن و نوێگەری لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ئاسیا، بێ ژمارەی چاپ، ٢٠٠٤.

٣. ڕۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٧.

٤. لاسلس ئابەرکرۆمبی، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی،وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: د. محمد عوض محمد، وەرگێڕانی بۆ کوردی: محمد صابر محمود، چ١، چاپخانەی عەبدولوەهاب ئاوچی، کەرکوك، ٢٠٠٢.

٥. محەمەد مستەفا (حەمە بۆر)، دیوانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، چ ١، ٢٠١٠.

٦. محەمەد نوری عارف(د.)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی ـ سالم ـ کوردی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٩.

٧. مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆری زانیاریی کورد ـ بەغدا، ١٩٧٦.

٨. مەلا عەبدولکەریمی موەدڕیس و فاتح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی سالم، بنکەی ژین، ب.س.چ.

٩. مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم، چاپخانەی ئۆفیسی (حسام)، چ٢ ،١٩٨٤.

**عەرەبییەکان:**

١٠. إبراهيم مصطفى وحامد عبدالقادر و أحمد حسن الزيات و محمد علي نجار، المعجم الوسيط (الجزء الأول والثاني)، دار الدعوة للتأليف والطباعة والنشر والتوزيع، أستانبول ـ تركية، طبعة الثانية، سنة ١٩٨٩.

١١. رونان ماكدونالد، موت الناقد، تر: فخري صالح، دار العين للنشر ـ القاهرة، الطبعة الأولى، ٢٠١٤.

١٢. عبدالله الغذامي (الاستاذ الدكتور) ، رحلة المعنى من بطن الشاعر الى بطن القارىء، جامعة ام القرى، بحوث المؤتمر الثاني للأدباء السعوديين المنعقد في المكة المكرمة في المدة ٥ – ٧ شعبان ١٤١٩ هـ، الجزء الثالث، ١٤٢٠ هـ /٢٠٠٠م.

١٣. فولفغانغ أيزر، فعل القراءة، نظرية جمالية التجاوب (في الأدب)، ترجمة: د. حميد لحمداني و د. الجلالي الكدية، منشورات مكتبة المناهل ـ فاس، بدون سنة طبع.

١٤. لويس معلوف، المنجد في اللغة، بدون مكان الطبع، الطبعة الخامسة والثلاثون، سنة ١٩٩٦، ص٢٧٤.

١٥. محمد مفتاح و أحمد بوحسن، المفاهيم تكونها و سيرورتها، منشورات كلية الآداب والعلوم الإنسانية بالرباط، مطبعة النجاح الجديدة ـ دار البيضاء، الطبعة الأولى، سنة ٢٠٠٠.

١٦. هانس روبرت ياوس، جمالية التلقي، من أجل تأويل جديد للنص الأدبي، ترجمة: رشيد بنحدو، المجلس الأعلى للثقافة ـ القاهرة ، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.

پێگەی ئەلیکترۆنی:

17. https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%B1%D9%82%D9%8A%D8%A8/.